# عەشیرەتە کوردییەکانی کوردستانی باکوور لە ڕوانگەی زیا گویکالپەوە

م. هـ. حمزه محمد صالح
کۆمەڵناسی- سەباح الدین زەعیم- ئیستەمبۆل/ تورکیا

**پوختە**

عەشـــیرەت، پێکهاتەی ســـەرەکی بونیادی کۆمەڵگەی کوردییە، هەر بۆیە زۆرێک لەو لێکۆڵەرە ناوخۆیی و بیانیانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، باســـیان لەم پێکاتە کردووە، زیا گویکالپیش یەکێک لەو لێکۆڵەرە بیانیانەی کە لێکۆڵینەوەی لە بونیادی عەشـیرەت و عەشـەیرەتگەرایی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کرووە. گویکالپ زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی بە مەبەست و ئامانجی سیاسی ئەنجامدراون.هەر پەیوەست بەم باسەوە گویکالپ چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد و بونیادی عەشـــیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. لە لێکۆڵینەوەکانیدا بە ڕوونی ئەوەی بەرچاو دەکەوێت کە کوردی وەکوو نەتەوە نەناســـاندووە، بەڵکوو لە چوارچێوەی نەتەوەی تورکدا ئاماژەی بۆ کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لە هیچ شـــوێنێکدا ئینکاری بنەڕەتی کوردی نەکردووە، یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی زیا گویکالپ، بریتییە لە (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەر عەشـیرەتە کوردییەکان). گویکالپ ئەم لێکۆڵینەوەی لەســـەر داوای بەرپرســـانی ئەو کاتەی تورکیا، بە مەبەســـتی کۆکردنەوەی زانیـاری بەشـــێوەیەکی مەیدانی لەســـەرعەشـــیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردســـتان ئەنجامداوە. گویکالپ لەم لێکۆڵینەوەدا بە دیاریکراوی بە دوای وەڵامی یەک پرسیاری سەرەکیدا گەڕاوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی تاوەکو ئێستا عەشیرەتە کوردییەکان ژیانێکی سەرەتاییان هەیە و گەشەیان نەسەندووە؟ گویکالپ بەشێوەیەکی گشتی عەشیرەتە کوردییەکان بەسەر عەشیرەتە سەرەتاییەکان وعەشیرەتە پێشکەوتووەکاندا دابەش دەکات، کە پێی وایە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە عەشـــیرەتەکان توانیویانە واز لە ژیانی ســـەرەتاییی عەشـــایەریی بهێنن، ئەمەشـی بۆ دوو هۆکاری جوگرافی وەکوو نزیکی و ژیانیان لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان و ژیانیان لە ناو شـــاخەکاندا گەڕاندۆتەوە. گویکالپ دەڵێت بۆ ئەوەی

عەشـــیرەتە کوردییەکان واز لە ژیانی عەشـــایەیی و ســـەرەتاییی بهێنن و پێش بکەون، پێویســـتە لە خۆیان لە عەشـــیرەتە عەرەبەکان بە دوور بکەونەوە و لە شـــاخەکان بێنە خوارەوە بۆ دەشتەکان.

**پەیڤێن سەرەکی**: *زیا گوێکاڵپ، کورد، عەشیرەت، بونیادی عەشیرەت، عەشیرەتگەری*

**پێشەکی:**

عەشـیرەت و عەشـیرەتگەرایی یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی. هەربۆیە کاتێک لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت، پێویستە پێش هەموو شتێک لێکۆڵینەوە لە بونیادی عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێت. لەم ڕوانگەوە زۆرێـک لەو لێکۆڵەرە نـاوخۆیی و بیـانیـانەی لیکۆڵینەوەیـانلە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی باسـیان لە بونیادی عەشـیرەت کردووە. ئەو لیکۆلینەوەانەی ئەنجـامـدراون لە ڕوانگەی سـیـاسـی، ئـابووری، کۆمەڵایەتییەوە ئەنجـامـدراوە. هەنـدێـک لە لێکۆڵەران لە ڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە باسـیان لە بوونی عەشـیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردووە، هەندێکی دیکەیان باسـیان لەو نەهامەتیان کردووە بەهۆی عەشـیرەت و عەشـیرەتگەراییەوە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانمەبەستی سیاسییان لە پشتبووە و هەنـدێکی دیکەیـان بۆ ئـاشـنـابوون بە بونیـادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجادراون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لەم لێکۆڵینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕوانگەی زیا گوێکاڵپ بۆ کورد و بە تایبەت بۆ عەشـیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردسـتان دەخەیـنە ڕوو. گـوێـکـاڵـپ لەگەڵ ئەوەی بە ڕەچەڵەک کـوردە، بەڵام بە یەکەمینکۆمەڵناسـی تورک،دامەزرێنەری هزری تورکچێتی دادەنرێت. ژیانی گوێکاڵپ بە کوردایەتی و ئەدەبیات دەسـتی پێکرد و بە تورکایەتی و سـیاسـەت کۆتایی هات. ئەم گۆڕانکارییە لە هزری زیـا گوێکاڵپدا بۆ تێکەڵبوون و بوون بە ئەنـدامی کۆمەڵەی ئیتیحـاد و تەرەقی دەگەڕێتەوە. گوێکـاڵـپ چەنـدین نووسـینو لێکۆڵینەوەیوەکوو (کوردەکان و تورکەکان، بەرژەوەندی کوردەکان، میللەت چییە؟ و ئەسـیمیلاسـیۆن) لەسـەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان ئەنجامداوە. زۆرینەی نوسینەکانی بە مەبەستی سـیاسـی ئەنجام داوە.چونکە ئەو کاتەی ئەم بابەتانەی تێدا نوسـیووە باس لە لکاندنی ویلایەتی موسـڵ بە عێراقەوە و پێدانی دەوڵەتێک بۆ کوردەکـان دەکرا. بە کورتی گوێکاڵپ لەم بابەتانەدا باس لە برایەتی نێوان کورد و تورک دەکات. لەگەڵ ئەوەشـدا

باس لەوە دەکات کە چوونەی پاڵ عەرەبەکان و تێکەڵبوونی کوردەکان لەگەڵ عەرەبدا، هیچ بەرژەوەندی کوردەکانی تێدا نییە. بەڵکوو بەرژەوەندی کوردەکان لەوەدایە دوور لە عەرەبەکان و لەگەڵ تورکەکاندا بژین. یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانەیە لەسەر عەشیرەت کوردییەکان)ە. گویکالپ ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر داوای بەرپرسانی ئەوکاتەی دەوڵەت و بە تایبەت د. ڕەزا نور، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی کورد و بە تایبەت عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان ئەنجامداوە. ئەمەش بە مەبەستی ڕێگریکردن لە درووستبوونی بیری نەتەوایەتی و سەربەخۆبوونی کوردەکان.چونکە لەو سەردەمەدا زۆرینەی میلەتەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتبوو. هەر بۆیە ترسێکی گەورە هەبوو لەسەر لە دەست دانی کوردەکان و سەربەخۆ بوونیان.

زیا گوێکالپ داواکەی بەرپرسانی دەوڵەتی جێبەجێکرد و لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕاپۆرتیکی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان ئامادەکرد. بەڵاملەو کاتەدا لەبەر چەند هۆکارێک بڵاونەکرایەوە تاوەکوو ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەی کتێب لە ژێر ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەر عەشیرەتە کوردییەکان بڵاوکرایەوە. گوێکالپ لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ئەتنۆگرافیاوە و بەشێوەیەکی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە. بەشێوەیەکی گشتی عەشیرەتەکان بەسەر عەشیرەتە سەرەتاییەکان و عەشیرەتە پیشکەوتووەکاندا دابەش دەکات. عەشیرەتە سەرەتاییەکانیش بەسەر کۆچەرییەکان، نیمچە کۆچەرییەکان، جێگیرەکان و گوندە ئاغاییەکاندادابەش دەکات. پێی وایە لە ناو عەشیرەتە پێشکەوتووەکاندا تەنها گوندە خەڵکییەکان هەن. گوێکالپ پێی وایە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی عەشیرەتەکان تاوەکو ئێستا پێشنەکەوتوون و ژیانێکی سەرەتایی عەشایەرییان هەیە. یەک هۆکاری جوگرافی، واتە ژیان لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان و شاخەکاندا، دوو هۆکاری نەگونجانی یاساکانی دەوڵەت لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکاندا. گوێکالپ پێی وایە بۆ ئەوەیعەشیرەتە کوردییەکان لە ژیانی سەرتایی ڕزگاریان بێت و پێشبکەوون، پێویستە لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکاندا نەژین و خۆیان بە دوور بگرن و لە ناو دەشتەکاندا بژین. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو یاسانەی سەبارەت بە عەشیرەتەکان دانراوە، دووبارە پێداچوونەوی بۆ بکرێت. چونکە زۆرێک لە یاساکان لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکاندا یەکناگرێتەوە. هەر بۆیە ئەرکی دەوڵەتە ڕێکارەکان بگریتە بەر بۆ ئەوەی عەشیرەتەکان جێگیر بن و واز لە ژیانی عەشیارەیی بهێنن.

## ١. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١.١کێشەی توێژینەوە

بابەتی عەشـــیرەت و عەشـــیرەتگەرای، یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لەســـەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە.لەگەڵ ئەوەی عەشـــیرەتەکان لە پێشـــهاتە ســـیاســـییەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینیەوە، بەڵام زۆر جار ئەم عەشیرەتانە بە هۆکاری سەرەکی یەکنەگرتوویی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردەکان دانراوون. لەلایەن توێژەرانی بیانییەوە زۆرجار گرنگی بە ڕۆڵ و کاریگەری عەشـــیرەتە کوردییەکان دراوە.هەر بۆیە ئەم توێژینەوە بۆ قســەکردن لەســەر ئەم بابەت، ڕوانگەی زیا گەوێکالپ بۆ عەشـــیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان وەك کێشەی توێژینەوە دەستنیشان کرا.

### ٢.١ گرنگی توێژینەوە

کوردەکان بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە نەیانتوانیوە خۆیان وەکوو ئەوەی هەن بناســـێنن. بەڵکو بەردەوام لە ڕێگەی کەســـانی بێگانەوە ناســـێنراون. جا ئەم ناســـاندنەش زۆر جار بەشـــێوەیەک بووە چەندێک ڕاســـتی تێدابووە، ئەوەندەش دوور بووە لە ڕاســـتییەوە. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ڕوانگەی یەکێک لەو کەســـانە دەخاتە ڕووکە چەندین توێژینەوەی لەســـەر کورد و عەشـــیرەتە کوردییەکان کردووە، کە ئەویش زیا گوێکالپە.گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە پشـــت بەســـەرچاوە ڕەســـەنەکان دەبەســـتێـــــت. ئەمەش دەبێتە ســـەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسـەر ڕوانگەی زیا گوێکالپ لەسـەر کورد و عەشـیرەتە کوردییەکان.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوە

١- ئەم توێژینەوە بە ئامانجی خستنەڕوو و ناساندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە باکووری کوردستان ئەنجام دەدرێت.
٢- بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەم توێژینەوەدا بە کورتی ئـامـاژە بۆ ڕوانگەی زیـا گوێکالپ بۆ کورد و کوردستان دەکرێت.
٣- ئەم توێژینەوە تێڕوانینی کۆمەڵناسـییانەی زیا گوێکالپ بۆ بونیادی عەشـیرەت و عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان دەخاتە ڕوو.

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوە

بەپێی زانیارییەکانی توێژەر تاوەکوو ئێستا لەناو توێژینەو و سەرچاوە کوردییەکاندا بابەتێکی لەم شێوە بەرچاو ناکەوێت. هەر بۆیە دەکرێت ئەمە تێژینەوە ببێتە یەکەمین تویژینەوە لەو بوارەدا. سەبارەت بە میتۆدی تویژینەوەکە، لەم توێژینەوەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێنراوە. کە یەکێکە لە میتۆدە گرنگەگان لەناو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا. لەم تویژینەوەدا هەوڵدەدرێت شیکاری بۆ ڕوانگەی کۆمەڵناسییانەی زیا گوێکەڵپ بۆعەشیرەتە کوردییەکانی باکوور بخرێتە ڕوو.

### ٢.بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکوو سەرەتایی سەدەی بیست:

عەشیرەت بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتی، کە ئامانج لێی پاراستنی ئەندامەکانە لە هیرشە دەرەکییەکان و بەردەوام بوون و پارێزگاریکردن لە دابونەریت و شێوەی ژیانی باوباپیران (Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 135). پێکهاتەی عەشیرەت یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. تەنانەت تاوەکو ئێستاش تاوەکوو ئێستاش بونیادی عەشیرەت لە ناو کوردەکاندا گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. هۆکاری مانەوەشی بۆ داکوتاوی ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت لە ناو کوردەکاندا دەگەڕێتەوە (Uluç, 2010, s. 37).

لە ناو کوردەکاندا تاوەکوو پێش سەدەی هەژدە و نۆزدە، واتە تاوەکوو سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم چەندین میرنشینی کوردی وەکوو بابان، ڕەواندوز، بۆتان، بادینان، ... هەبوون. ئەم میرنشینانە زۆر بەهێز بوون، تەنانەت هێندەی دەوڵەتێک دەسەڵاتیان هەبوو. هەر یەکە لەم میرنشینانە لەلایەن بنەماڵەیەکەوە بەڕێوەدەبران. بۆ نموونە میرەکانی میرنشینی بەدلیس هەر بۆ خۆیان حکومەت بوون و تەنانەت مەزهەبیشیان شافیعی بوو، ئەمە لە کاتێکدا مەزهەبی تەواوی ئیمپراتۆرێتەکە حەنەفی بوو. (برونەسن، ٢٠٠٣، صفحة ٤٣). لەگەڵ ئەوەشدا چەندین عەشیرەت لە ژێر چەتی ئەم میرنشینانەدا کۆبوو بوونەوە. بەڵام دوای چاکسازییەکانی حکومەت و بە تایبەت سوڵتان مەحمودی دووەم لە ناوچەکەدا بە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەت، لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتە ئیدارییەکانییەوە، توانی دەسەڵاتی میرنشینەکان لاواز بکات، لەناویان بەرێت و لە شوێنی ئەوان کەسی دیکەلە ئیستەنبوڵەوە دابنێت. بەڵام ئەمە نەبووە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بەڵکوو لە شوێنی میرنشینەکان، عەشیرەتەکان دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا بەهێز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا

هەرعەشـــیرەتە و هەوڵی پاراســـتنی پێگـە، هێز و دەســـەڵاتی خۆیان دەدات. ئەمەش چەند ململانێی لە نێوان عەشـــیرەتەکانی لێکەوتەوە (برونەســـن، ٢٠٠٣، صـــفحة ١٥٣) ,Uluç (2010, s. 41. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو دەسـەڵاتدارانەی لە ناوچە کوردییەکان لە شـوێنی میرنشـــینەکان دانرابوون، زۆر لاواز بوون. چونکە هەمشـــارەزای ناوچەکەی نەبوون هەم دەسەڵاتی زەبر و هێزیان بەرامبەر عەشیرەتەکان بەکار دەهێنا. ئەمەش ئاژاوەی زیاتری لە ناوچەکەدا درووست کردبوو(برونەسن، ٢٠٠٣، صفحة ١٥٤).

دوای لەناوچوونی میرنشـینە کوردییەکان لە کۆتای سـەدەی نۆزدە و سـەرەتای سەدەی بیستەم دوو دۆخ لەناوچەکەدا هاتە پێشەوە. یەک وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد دووبارە رێکخســتنی کۆمەڵایەتی و ســیاســی عەشــیرەتە کوردییەکان، دوو زیادبوونی پێگە و گرنگی شــــێخەکان و پیاوانی ئاینی بوو لە ناوچەکە. کە ئەمەش بۆ دوو هۆکاری ســـــەرەکی دەگەڕێتەوە. وەکوو باســـــمان کرد دوای ڕووخانی میرنشـــــیینە کوردییەکان شـەڕی نێوان عەشیرەتە کوردییەکان هاتە ئاراوە. شـێخەکان بە شـوناسـی ئاینی خۆیان هەوڵی گێڕانەوەی ئارامیان بۆ ناوچەکە دەدا. ئەمەش وای کرد دەســـەڵاتی شــێخەکان لەناوچەکەدا زیاد بێت. لەگەڵ ئەوەشــدا لە نێوان ســاڵی ١٨٠٠ دا کاتێک میرنشــیینە کوردییەکان بەرەو لاوازی دەڕۆشــتن، لە ڕۆژئاواوە مژدەبەخشــەکان بەرەو ئەم ناوچە دەهاتن. لەم ڕوانگەوە خەڵکی بەرامبەر ئەم مژدەبەخشـەکان دەوەسـتانەوە. ئەمەش بە نزیکبوونەوە لە لە نێوان ئایین و بە تایبەت پیاوانی ئاینی و خەڵکیدا بۆیارمەتیدانیان بەرامبەر بە مژدەبەخشـــــەکان. هەر بۆیە ڕۆڵ و گرنگی شــــێخەکان زیاتر بوو ,Uluç (2010, s. 42.

دەوڵەتی عوســـمانی نەیتوانی چارەســـەری ئەو دۆخەی تێی کەوتبوو بکات. هەر بۆیە بۆ نەهێشـتنی دەسـەڵاتی عەشـیرەتە کوردییەکان و پەیوەسـتکردنیان بە دەوڵەتەوە، چەندین ڕێگە گیرایە بەر. ســـەرەتا دەوڵەت ســـیاســـەتی بە زۆرســـەربازیکردن وباجی بەرانبەربەعەشـیرەتە کوردییەکان بەکارهێنا. کەئەمەش زەحمەتییەکی زۆری خسـتبووە سەر شانی کوردەکان و ناچاریکردن گوندەکان چۆڵبکەن وکۆچبکەن بۆ شاخەکان (کەریم، ٢٠١٣، صفحة ٧٥). دواترسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ ڕاکێشانی عەشیرەتە کوردییەکان بۆلای خۆی، بە بەکارهێنانی ســیاســەتی پانئیســلامیزمی لە عەشــیرەتە کوردییەکان ســـــوارەی حەمیدییە[1] درووســــت دەکات و منداڵ و خێزانی ســــەرۆک عەشــیرەتەکانیش دێنێتە ئیســتەنبوڵ و لە قوتابخانەی هومایۆنی عەشــایەری دەســتیان بە خوێند کرد (داقووقی، ٢٠١٣، صــفحة ١٣٢) .Çamsoy, 2007, s. 33; Ağca, 2012, s (113. درووســـــتکردنی ســـــوارەی حەمیدییە بۆووە هۆی ئەوەی هاوســـــەنگی هێز لە ناو

عەشـــیرەتە کوردییەکاندا گۆڕانکاری بەســـەردا بێت. لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەم عەشـــیرەتە کوردییـانە بۆ لێـدان لە ئەرمەنییەکـان بەکـاردەهێنران. (Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 101). چونکە ســـوڵتـان عەبـدولحەمیـد دەزانێت ئـەرمـەنییـەکـان نیشـتەجێی ئەو شـوێنانە کە زۆرینەی کوردانی موسـڵمانی سـوننە مەزهەبن و نایانەوێت دەوڵەتێکی مەسیحی - ئەرمەنی دروست ببێت (Çamsoy, 2007, s. 33; Ağca, 2012, s. 113).

لەگەڵ ئەوەی سـوارەی حەمیدییە سـاڵی ١٩٠٨ دا هەڵوەشـایەوە، بەڵام عەشـیرەتە کوردییەکـــان چەکی هەڵگیراویـــان هەبوو، ئەمەش بووە هۆی درووســـــتبوونی بیری نەتەوایەتی. دواتر بە هاوکاری عەشـــیرەتە کوردییەکان چەندینشـــێخ ســـەعیدی پیران، ئاگرین و ســـەید ڕەزا هاتە ئاراوە(Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 109) . لەســـــەرەتـای ســـــەدەی نۆزەیەم تـاوەکوو جەنگی جیهـانی یەکەم چەنـدین ڕاپەڕینی کوردەکان بەرچاو دەکەون. کە زۆرینەی شـۆڕشـەکان لە ڕوانگەیەکی کوردایەتییەوە بوون. کە دەکرێت ڕاپەڕینە کوردییەکان بکرێت بە دوو بەشـەوە، پێش سـەدەی نۆزدە و دوای ســـــەدەی نۆزدە. تاوەکوو ســـــەدەی نۆزدە ئـامـانجی زۆرینەی ڕاپەرینە کوردییەکان بەشیوەیەکی گشتی بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بووە، ئەوانیش بابەتی کۆکردنەوەی باج و ســـەرباز لە ناو کوردەکان بۆ جەنگ. بەڵام دوای ســـەدەی نۆزدە ڕاپەڕینە کوردییەکان زیاتر ڕوانگەیەکی کوردایەتییان هەبووە. (Şentürk, 2011, s. 30). لەم ســـاتە بە دواوە ئیتر بیری نەتەوایەتی لە ناو کوردەکاندا ســـــەری هەڵدا. لەگەڵ ئەوەشـــــدا بە بڕوای عەشیرەت و تەریقەتە کوردییەکان بەرگریکردن لە کوردایەتی بە مانای ناسیۆنالیستی کوردی نەدەهات، بەڵکوو بە مانایی برایەتی ئیســـلامی نێوان کورد و تورک دەهات. هەر لەگەڵ درووســـــتبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیادا، ڕاپەڕینە کوردییەکان ســـــەریهەڵدا. کە ئەمەش بە مانای تێکچوونی برایەتی ئیسـلامی نێوان تورک و کورد دەهات. کە پێشـتر کوردایەتی و تورکایەتی بە مانای پاراســـتی ئیســـلام هاتووە. لێرەدا بوو زیا گوێکاڵپ بابەتێک لە ژێر ناونیشـانی (کوردەکان و تورکەکان) بڵاودەکاتەوە (Şentürk, 2011, s. 31).

## ٣. ژیان و بەرهەمەکانی زیا گۆیکاڵپ

### ١.٣ پوختەیەک لە ژیانی زیا گۆیکاڵپ

زیا گۆیکاڵپ ناوی تەواوی موحەمەد زیای کوڕی محەممەد تۆفیق ئەفەندییە(١٨٥١-١٨٩٠).لە بەرواری٢٣-٣-١٨٧٦لە شاری ئامەد (دیاربەکر)[٢] لەدایکبووە(Can, 1998, s. 34). لە بنەڕەتدا لە خانەدانەکانی گوندی(چەرمیک)ن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر و دواترکۆچیان کردووە بۆ دیاربەکر. دایکی ناوی زولەیخا خانمی کچی ساڵح ئاغایە(١٨٥٦-١٩٢٣) (Deveci, 2021, s. 32; Okay, 1996, s. 124; Uğurlu, 2018, s. 4). باوکی کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بنەما فیکرییەکانی زیا گۆیکاڵپ هەبووە(Dündar, 2021, s. 156). لەوانەش، ئازادکردنی گۆیکاڵپلە خوێندنەوەی هەر کتێبێک کە بیەوێت،پێشنیازکردنی خوێندنەوەی کتێبێکی نامیق کەمال[٣]،کە باسی لە ئازادیی و نیشتمانپەروەری دەکرد و باوکیبە تەنها خوێندنی زانستەکانی مەدرەسەی دینی و عەرەبی و فارسی بە بەس نەزانییوە.هەر ئەمەش وای کرد گۆیکاڵپ زانستە دینییەکان و زانستە ڕۆژئاواییەکان گرێ بدات پێکەوە و ببێتە خاوەنی هزرێکی تایبەت بە خۆی بێت(Uğurlu, 2018, s. 5).

زیا گۆیکاڵپ لە ساڵی ١٨٨٣ دەچێتە قوتابخانەی مەرجەمێک ئۆروتمەسی. لەوێ ئیسماعیل حەقی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی کاریگەری زۆری لەسەر هەبووە(Deveci, 2021, s. 33). لە ساڵی ١٨٨٦ چووە ڕوشدییەی سەربازی. دوای وەفاتی باوکی، چووە لای حەسیب ئەفەندی مامی. حەسیب ئەفەندی، جگە لەوەی لە فێربوونی زمانەکانی عەرەبی و فارسی یارمەتیدەرێکی زۆر باشی زیا گۆیکاڵپ بووە، پێشنیازی خوێندنەوەی کتێبەکانی غەزالی، ئیبن عەرەبی، ئیبن سینا و فەرابی بۆ کردووە (Deveci, 2021, s. 32; Uğurlu, 2018, s. 5). دوای تەواوکردنی ڕوشدییەی سەربازی لە ساڵی ١٨٩١ دەچێتە ئامادەیی مولکییە. لەم قوتابخانەدا لە ئەنجامی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا بوو، ئاشنایەتی لەگەڵ فیکری تورکچێتی پەیدا دەکات. هەر بۆیەبەهۆی کارەکانیەوە لەم قوتابخانەداڕووبەڕووی چەندین لێپێچینەوە بوەوە.لەو ماوەیەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەینەخۆشی کۆلێرا، عەبدوڵڵا جەودەت[٤] دێتە دیاربەکر. ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ناسینی عەبدوڵڵا جەودەت. زیا گۆیکاڵپ جگە لەوەی زۆر کاریگەر دەبێت بە عەبدوڵڵا جەودەت، دەبێتە هۆکارێکیش بۆ ئاشنا بوونی بە فیکری پۆزەتیڤیزم(Okay, 1996, s. 125). هەر لەو ماوەدا زیا گۆیکاڵپ بەهۆی چەند هۆکارێکەوە هەوڵی خۆکوشتن دەدات و فیشەکێک دەنێتبەسەرییەوە.بەڵام شەنس

یاوەری بوو، چونکە لەو کاتەدا عەبدوڵڵا جەودەت لەوێ بوو و توانی لە مردن ڕزگاری بکات(Uğurlu, 2018, s. 5).

لە ساڵی ١٨٩٥بە هاوکاری نیهادی برای دەچێتە ئیستەنبوڵ و لە قوتابخانەی بایتاردەست بە خوێندن دەکات (Okay, 1996, s. 124; Deveci, 2021, s. 33; Uğurlu, 2018, s. 6). لە پشووی هاوینی ساڵی ١٨٩٨ دەگەڕێتەوە بۆشاری ئامەد.لەو کاتیدەگەڕێتەوە،هاوڕێکانی لەگەڵ والی ئامەد تووشی دەمەقاڵێیەک بوو بوون. زیا گوێکاڵپیش چووە ڕیزی هاوڕێکانی دژی بە والی.هەر بۆیە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە کاتێک گەڕایەوە بۆ ئیستەنبوڵ،لە قوتابخانە دووردەخرێتەوە و دواتریش دەستگیر دەکرێت. بە پێی هەندێک لە گێڕانەوەکان ئەو ماوەی لە زیندان بوو، تەنها ڕێگە بە قورئانی پیرۆز دە دار ببرێتە ژوورەوە. هەر بۆیە زیا گوێکاڵپ شارەزایەکی باشی لە قورئان پەیدا کرد(Deveci, 2021, s. 33; Vakkaoğlu, 2012, s. 30). دوای ئازادبوونی، دەگەڕێتەوە بۆ ئامەد و لەگەڵ ڤەدیجە خانمی کچی حەسیب ئەفەندی مامی هاوسەرگیری دەکات(Okay, 1996, s. 124; Dündar, 2019, s. 146). ئیتر وردە وردە لە ڕۆژنامەی "دیاربەکر" دەست بە نوسین دەکات. لەم ماوەدابەرامبەر بە کارەکانی "ئیبراهیم پاشا"ی بەرپرسی ئەو ناوچە دەچێتە بەرەی خەڵک. لە ئەنجامدا ئیبراهیم پاشا دەستی لە کار کێشایەوە. گوێکاڵپ لەسەر زوڵم و ستەمەکانی ئیبراهیم پاشا داستانێک بە ناوی (داستانی ئیبراهیم شەکیشەقی)دەنووسێت(Uğurlu, 2018, s. 6).

گوێکاڵپ لە ساڵی ١٩٠٨ لقی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئامەد دەکاتەوە. دواتر ڕۆژنامەی "پەیمان"ی دەرکرد، کە هزرە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە. هەر بۆیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی گشتی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دەکرێت لە شاری سەلانیک(Uğurlu, 2018, s. 7). دوای کۆبوونەوەکە بەهۆی چالاکییەکانی، لە ساڵی ١٩١٠ بە ئەندامی مەرکەزی گشتی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا و لە سەلانیک نیشتەجێ بوو. لەم ماوەیەدا زۆر بە قووڵی خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکانی زانای کۆمەڵناسی" ئەمیل دورکاهیم" (١٨٥٨-١٩١٧) بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانی ١٩١١-١٩١٢لە ئامادەیی ئیتیحاد و تەرەقی لە سەلانیک خەریکی گوتنەوەی وانەی کۆمەڵناسی بوو(Heyd, 1980, s. 24; Deveci, 2021, s. 34). لە ساڵی ١٩١٢لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. دوای گەڕانەوەی، لە ساڵی ١٩١٥لە دارولفنون، واتە زانکۆی ئیستەنبوڵی ئێستا، وەک یەکەمین کەسێک لە بەشی کۆمەڵناسی وانەی گوتووە(Deveci, 2021, s. 34).

لە ســـــاڵی ١٩١٩ بە تۆمەتی تێکدانی ئـاســــایشــــی وڵات و بەکارهێنـانی ئەرمەنییەکان دژ بە دەوڵەت، بۆ ماڵتیا دوور دەخرێتەوە. لێرەشــــلە چالاکی بەردەوام بووە. دواتر لە ساڵی ١٩٢١ ئازاد دەبێت و ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەنقەرە.بەڵام زۆر نەمێنێتەوە و گەڕایەوە بۆ دیاربەکر(Okay, 1996, s. 124). لە دیاربەکر، گۆڤارێکی هەفتانەی بەناوی "بچووک" دەرکرد.لەم گۆڤارەدا زۆرێك لە نووســـینەکانی لەبارەی کوردەوە خســـتۆتە ڕوو.دواتر لەســـەر داوای مســـتەفا کەمال ئەتاتورک کرا بە ئەندام پەرلەمانی دیـاربەکر(Şapolyo, 1943, s. 219). دوای ئـــەوەی ئەنقەرە بوو بە مەرکەزی نوێی حکومەت، زیا گوێکاڵپ بە وەزیری ئەنجوومەنی وەرگێڕان وچاپکردن دیاریکرا.لەم ماوەیەدا لە زمانەکانی دیکەوە خەریکی وەرگێڕان بوو بۆ زمانی تورکی و خەریکی تەواوکردنی دوو کتێب بوو بە نـاوەکـانی (بنەمـاکـانی تورکچێتی) و(دابونەریتی تورک)(Uğurlu, 2018, s. 8).

گوێکاڵپ زۆر بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا تەندروســـتی تێکچوو. هەر بۆیە دەنێردرێت بۆ نەخۆشـخانەی فەرەنســی لە ئیســتەنبوڵ(Okay, 1996, s. 125). بەڵام لێرەش چارەســـەری نەبوو.لە ئەنجامدا و٢٥-١٠-١٩٢٥ لە تەمەنی ٤٨ســـاڵیدا وەفات دەکات. لە مەڕاســـیمێکی زۆر گەورەدا لە گۆڕســـتـانی ســـوڵتـان مەحموود بە خـاک دەسپێرێت(Uğurlu, 2018, s. 8).

### ٢.٣ بەرهەمەکانی زیا گوێکاڵپ

زیا گوێکاڵپ لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کە هەیبوو چەندین بەرهەمی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی وشیعردا نووسیوە. کە زۆرینەی کتێبەکانی بە زمانی عوسمانی نووســـیوە. هەندێکیان کاتێک خۆی لە ژیاندا بووە بڵاوبووەتەوە و هەندێکی دیکەی دوای مردنی خۆی بڵاوکراونەتەوە. زیا گوێکاڵپ لە نێوان ســـاڵانی ١٨٩٥-١٩٢٤زۆرترین نوسینی هەبووە. لە نوسینەکان زۆر ناوی جیاوازیی بەکار هێناوە، لەوانەش (زیا، زەینەدین، محمد زیا، حوســـێن ڤەدات، محمد، مهدی، تۆفیق ســـەعادەت، محمد نائیب، دەمیرتاش، جەلال ســـاکب، کچە کرێکار، هیچی، بیمەر، گوێکاڵپ) (Uğurlu, 2018, s. 8; Celkan, 1990, s. 10). بەرهەمەکانی زیا گوێکاڵپ ئەمانەی خوارەوەن:

**داستانی ئیبراهیم شەکیشەقی:** ئەمە یەکەمین بەرهەمی زیا گوێکاڵپ کە بەشێوەی کتێب بڵاوی کردبێتەوە. ئەم کتێبە بریتیە لە چیرۆکی ڕووداوی ئیبراهیم پـاشـــای حاکمی دیاربەکرە کە گوێکاڵپ خۆی شاهیدی بووە. کە ئەویش بریتییە لە بە خراپ بەکارهێنـانی دەســـەڵاتی خۆی و زوڵم کردن لە خەڵکی. بەڵام لە کۆتـاییدا خەڵک

کۆتـــای بە زوڵم و ســـــــتەمەکـــانی دێنن. تەواوی دارســــــتـــانەکە لە ١١٠ بەیــت پێکهاتووە.(Uğurlu, 2018, s. 9; Okay, 1996, s. 126)

**تورکەکانی ڕوسـیا پێویستە چی بکەن؟:** زیا گوێکالْپ ئەم بەرهەمەی لە سـاڵی ١٩١٨ بڵاوکردۆتەوە. کە پێکهـاتووە لە نـامیلکەیەکی بچووکی ١٦ لاپەڕی و پێشـــــتر لە گۆڤاری نوێدا بڵاوی کردۆتەوە(Okay, 1996, s. 126).

**وانەکانی عیلمی ئیجتیماع:** ئەم بەرهەمەی زیا گوێکالْپ پێکهاتووە لەو وانانەی کە لە زانکۆی ئیســـتانبوڵ لە بارەی بابەتە گشـــتیەکانی کۆمەڵناســـی بە قوتابیەکانی ووتۆتەوە .(Okay, 1996, s. 126)

**سـێوی سـور:** ئەمە کتێبێکی شـیعرییە لە سـاڵی ١٩١٤لە ئیسـتەنبوڵ بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە لە چوار بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە. هەموو کتێبەکە لە ٢٧ پارچە شـیعر پێکهاتووە.(Gökalp, 1976; Uğurlu, 2018, s. 9; Okay, 1996, s. 126)

**عیلمی ئیجتیماع:** زیا گوێکالْپ لەم کتێبەدا لەگەڵ باسـکردنی هەندێک لە زانایانی کۆمەڵناســی، باس لە ســەرەتاکانی ســەرهەڵدانی زانســتی کۆمەڵناســی دەکات. ئەم کتێبەش لە ساڵی ١٩١٦چاپ کراوە(Okay, 1996, s. 126).

**ژیانی نوێ:** ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە بەرهەمەکانی زیا گوێکالْپ، کە لە ســـاڵی ١٩١٨ چاپکراوە(Okay, 1996, s. 127)

**تورکچێتی، ئیسـلامچێتی، نوێگەرچێتی:** ئەمە یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی زیا گوێکالْپ، کە خۆی لە هەشـــــت ژمارەی گۆڤاری خانەی تورکدا بڵاوکراوەتەوە. دواتر لە ســــــاڵی ١٩١٨ هەمووی کراوە بە کتێبێک. لەم کتێبەدا بـاس لە بنەمـا و پرۆگرامی تورکچێتی دەخـاتە ڕوو. زیـا گوێکـالْـپ لە ڕوانگەی فەلســـەفەی و کۆمەڵناســیەوە تیشــک دەخاتە ســەر چەمکەکانی (کولتوور، مەدەنیەت، تورکایەتی، فیکر، ئاین، میلەت). لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەشـــــت بەو ئەنجامەی ئەم ســـێ چەمکە هیچ جۆرە دژبەیەکییەک لە نێوانیاندا نیە و تەواوکەری یەکترن. پێشـــی وایە ئەم ســێ چەمکە زیاتر تورکەکان بەهێز دەکات و ئومێدیان پێ دەبەخشــێت. هەربۆیە دەڵێت وەک میلەت تورکم، وەک ئومەت ئیســــلامم، وەکو مەدەنیەتیش غەربم (Uğurlu, 2018, s. 10; Gökalp, 1996).

**دابونەریتی تورک:** ئەم بەرهەمەش لە سـاڵی ١٩٢٣ چاپ کراوە. لە سـەرەتای کتێبەکەدا تیشـک خراوەتە سەر مانای دابونەریت و پێویستە دابونەریتی تورکان چۆن بێت. دواتر لە

بەشـەكانی تردا باس لە دین، دەوڵەت، توركـكە كۆنەكان، دینی ئیمپراتۆریەتو داسـتانی توركان (Gökalp, 1976).

**ڕێگەی ڕاسـت، ژیانێكی نوێ:** ئەمە بەرهەمەش زیا گوێكاڵپ كە پێشـتر لە ڕۆژنامەی حیكمەتی میلی بڵاوی كردۆتەوە. دواترلە سـاڵی ١٩٢٣ كراوە بە كتێبێـك. زیـا گوێكاڵپ لەم كتێبەدا توركایەتی بە ژیانێكی نوێ داناوە(Gökalp, 1976).

**شـەوقی زێڕین:** ئەم بەرهەمە یەكێكە لەو كتێبانەی زیا گوێكاڵپ دوای مردنی خۆی لە ساڵی ١٩٢٣ چاپ بووە. كتێبێكی ئەدەبی گێڕانەوەیە، كە باس لە كەسێك بە ناوی ئەڵپ ئەرسەلان دەكات. تەواوی كتێبەكە پێكهاتووە لە ١٥ گێڕانەوە. (Gökalp)

**ئاسـكە سورە:** ئەمە بەرهەمی زیا گوێكاڵپ بەرهەمێكی منداڵانە و لە گۆڤاری دونیای منداڵاندا بڵاویكردۆتەوە(Okay, 1996, s. 127).

**بنەمـاكـانی توركچێتی:** ئەم كتێبەش یەكێـك لە گرنگترین بەرهەمەكـانی زیـا گوێكاڵپ، لە سـاڵی ١٩٢٣ كاتێك خۆی لە ژیاندا بووە چاپ كراوە. زیا گوێكاڵپ دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسـیارە بداتەوە كە ئێمە كێیین؟. كتێبەكە لە دوو بەش پێك هاتووە.لە بەشی یەكەمدا باس لە ماهێتی توركچێتی دەكات. سەرەتای كتێبەكە باس لە مێژووی توركەكان دەكات. دواتر پێناسـەی كۆمەڵێك چەمكی وەك توركچێتی، كولتوور، مەدەنیەت، ویژدانی میلی، زمان، دین، غەرب، یەكگرتووی میللەت لە تەقالیدا، لە دیندا، لە ئابووریدا، لە سـیاسـەتدا و لە فەلسـەفەدا. بەشـی دووەم باس لە پرۆگرامی توركچێتی دەكات. لێرەدا باسـی لەوە دەكات دەكەوێتە سـەر شـانی توركەكان چییە؟(Gökalp, 1968; Okay, 1996, s. 127; Uğurlu, 2018, s. 10).

**مێژووی مەدەنییەتی تورك:** ئەمەش یەكێكی دیكە لە بەرهەمە گرنگەكـانی زیـا گوێكـاڵپ، كە لە دوا سـاتەكـانی تەمەنیـدا دەسـتی بە نووسـینی كرد. بەڵام چـاپكردنەكەی كەوتە دوای مردنی و لە سـاڵی ١٩٢٥ چـاپكرا. گوێكـاڵپ دوای نوسـینیپێشـەكییەكی دورودرێژ لەسـەر بابەتەكە، باس لە دین، عیلم، فەلسـەفە، خێزان، پێكهاتەی دەوڵەت وبونیادی ئابووری تورك دەكات. ئەم كتێبەی بەسـەر پێنج بەشـدا دابەشـكردووە. بە پێی نووسـینی سـەر بەرگی كتێبەكە بۆ قۆنـاغی ئـامـادەیی نوسراوە(Gökalp, 1978).

**لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەڵناسـیانە سـەبارەت بە عەشـیرەتە كوردییەكان:** ئەم یەكێكە لەو بەرهەمانەی كە زیا گوێكاڵپ تەواوی نەكردووە. گوێكاڵپ مەبەسـتی لە نوسـینی

ئەم کتێبە باسـکردن بووە لە عەشـیرەتە تورکەکان. (کە دواتر بە وردی قسـەی لەسـەر دەکەسن)(Gökalp, 2013).

جگە لەم کتێبانە چەندین بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (ڕومەیلی، قەڵەمە لاوەکان، نیشتمانی تورك، ، وتەی تورك، دیاربەکر، کۆلێژی ئەدەبیاتی دارولفنون، ئیسـلام، ئـابووری، کۆمـەڵایـەتی، شـاعیر، ئێوارە، بەرەو خەڵـک، مـامۆسـتـا، نوێ، بچووک، ئـابوورە ئیسـلامی، زانیاری، ڕۆژێکی نوێ، تورکیای نوێ، جمهوریەت، پەیمان، دیجلە، ئێوارە، تانین، حاکمیەتی میللەت) نووسـیوە.هەموو مەقالەکانی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشـنبیرییەوە لە ١٠ بەرگدا بە ناوی"**مەقالەکان**" بڵاوکراوەتەوە. (Alakom, 2018, s. 88; Uğurlu, 2018, s. 11-12). زیا گوێکاڵپ زۆرینەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش چوونی بووە بۆ سـەلانیك بووە و بەرهەمە سـیاسـییەکانی دوای سـەلانیك بووە. لەگەڵ ئەوەشـدا لە نوسـینە ئەدەبییەکانیدا زۆر ناوی جیاوازی بەکارهێناوە، بەڵام لە نوسـینە سیاسییەکانیدا زیاتر ناوی زیا گوێکاڵپی بەکارهێناوە(Dündar, 2019, s. 151).

## ٤.تێڕوانینی زیا گوێکاڵپ بۆ کورد و عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان

### ١.٤ تێڕوانینی کۆمەڵناسیانەی زیا گوێکاڵپ بۆ کورد

زیا گوێکاڵپ زۆرینەی نووسینەکانی لە بواری زانستی کۆمەڵناسیدا بووە و بە دامەزرێنەری زانسـتی کۆمەڵناسـی لە تورکیا دادەنرێت (Tosun, 2019, p. 31; Mart, 2019, p. 13). کۆمەڵناسی بە زانستی مەدەنییەتی نەتەوەکان پێناسـە دەکات.هەر بۆیە پێی وایەئەو زانستەی دەتوانێت زاراوەی نەتەوە ڕوون بکاتەوە، تەنها زانستی کۆمەڵناسییە (Uğurlu, 2018, s. 14). گوێکاڵپ وەک زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵناسـی باس لە گەشـەسـەندنی قۆناغبەندی کۆمەڵگاکان دەکات و دەڵێت هەموو کۆمەڵگەیەک بە چوار قۆناغ تێپەڕ دەبێت. لە قۆناغی یەکەمدا هەموو کۆمەڵگەیەک لە عەشـیرەتێکەوە دەست پێدەکات. واتە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی یان کۆچەرین. دواترلە قۆناغی دووەمدا ئەم عەشیرەتە دەبێت بە نەتەوەیەک. واتە ئەو کۆمەڵگایەیکە لەسەر بنەمای خزمایەتی دامەزراوە. قۆناغی سـێیەم پێی دەوترێت ئوممەت، واتە کۆمەڵگەیەك کە یەك دینی هاوبەشـیان هەیە. دوا قۆناغیش میللەتە. واتە ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی یەك کولتوری هاوبەشـیان هەیە. کە بە بڕوای گوێکاڵپ کوردەکان هێشـتا لە قۆناغی یەکەمدان. (Coşkun, 2019, s. 138; Şentürk, 2011, s. 138). ئەو میتۆدی گوێکاڵپ لە توێژینەوەکانیدا بە کاری هێناوە، توێژینەوەی مەیدانی بووە. چونکە پێ وابووە

توێژینەوەی تیۆری هیچ ئەنجامێکی نابێت ئەگەرلایەنی مەیدانی لەگەڵدا نەبێت (Coşkun, 2019, s. 138; Şentürk, 2011, s. 138).

زیا گۆیکاڵپ لەگەڵ ئەوەی لە خێزانێکی کوردی دیاربەکر لە دایکبووە، بەڵام زۆرینەی بۆچوون و نوسینەکانی لە خزمەت تورک و ناسیۆنالیزمی تورکیدا بووە.لەم بارەوە ئەتاتورک دەڵێت (باوکی هزرەکانم، زیا گویکاڵپە) (Gökalp, 2013, s. 1).گۆیکاڵپ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا بە کوردایەتی دەستی پێکرد. هەر بۆیە پێکەوە لەگەڵ نووسەری کوردی بەدلیسی خەلیل خەیاڵی° کاریان لە سەر رێزمانی کوردی کردووە و هەوڵی نووسینی فەرهەنگێکیان داوە لەسەر رێزمانی کوردی (Coşkun, 2019, s. 6). لەم بارەوە یەکێک لە گێرانەوەکان دەڵێت ئەو ماوەی گویکاڵپ لە ئیستەنبوڵ بووە لەگەڵ خەلیل خەیاڵی چاویان بە یەکتر کەوتووە. خەلیل خەیاڵی دوای ئەو نووسراوەی لێ دەکات کە پێکەوە لەسەری رێزمانی زمانی کوردی نووسیویانە، زیا گۆیکاڵپ لە وەڵامدا دەڵێت سووتاندوومە(Alakom, 2018, s. 55). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە قووڵەی لە هزری زیا گۆیکاڵپدا رووی داوە. هەر بۆیە تاوەکو پێش سەلانیك لە نوسینەکانیدا ناوی محمد زیای بەکار دەهێنا.بەڵام دوای چوونی بۆ سەلانیك، ئیتر ناوی زیا گۆیکاڵپی بۆ خۆی هەڵبژارد(Dündar, 2021, s. 163). دەکرێت بڵێین ئیتر لەم ساتە بە دواوە زیا گۆیکاڵپ نکوڵی لە کوردبوونی خۆی کردووە و زیاتر وەك تورکێك خۆی ناساندووە (Dündar, 2019, s. 151; Alakom, 2018, s. 66). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئینکاری بوونییەتی کوردی نەکردووە لە ناوچەکەدا(Alakom, 2018, s. 20).

زیا گۆیکاڵپ زۆرینەی فیکرەکانی سەبارەت بە کورد لە رۆژنامەکانی وەک "رۆژی نوێ و جمهورییەت" و لە گۆڤارەکانی وەک "پەیمان و بچووکدا" بڵاو کراونەتەوە. جگە لە نوسینی کتێبێک بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان". جگە لەمانە بە پەرشوبڵاوی لە نوسینەکانیدا بابەتی کورد بە دیار دەکەوێت(Alakom, 2018, s. 19). گۆیکاڵپ یەکێك لە نوسینە گرنگەکانی بابەتێکە بە ناوی "کوردەکان و تورکەکان". گۆیکاڵپ ئەم بابەتەی لە سەروبەندی پەیماننامەی سیڤەردا نوسیوە، ئەمەش لە ترسی لە دەستدانی کوردەکان(Dündar, 2019, s. 155). گۆیکاڵپ لێرەدا باس لە پرۆگرامی میللی دەکات و دەڵێت ئەم پرۆگرامە چۆن رازی نیە هیچ گوندێکی تورک بکەوێتە دەرەوەی سنوو، بە هەمان شێوە رازیش نیە هیچ گوند و عەشیرەتێکی کورد بکەوێتە دەرەوەی سنور. هەر بۆیە پێویستە لەسەر تورکەکان و کوردەکان وەک ئەرکێکی نیشتمان

پەیڕەوی لەم پرۆگرامە بکەن. ئەو دەڵێت بەهۆی کوردەکانەوە ئێمە توشـــی هیچ گرفتێک نەبووین. بەڵکو ئەوەی توشـــی زیان بووە لە شـــەڕی نێوانیان، تەنها خۆیانن(Gökalp, 1922, s. 7). کوردەکان و تورکەکانبەردەوام پێکەوە ژیاون، چونکە کولتوورو دینیان یەکێکە.لە کۆتایدا گۆیکاڵپ پێی وایە ئەگەر کوردەکان لە بابەتی مەدەنییەتدا کەموکووڕییەکیان هەبوو بێت، هۆکارەکەی ئەوە بووە تاوەکو ئێستاش وەک ژیانی عەشایەری ماونەتەوە. ئەمەش وای کردووە بەردەوام لە ململانێدا بن. ئەم خۆشەویستییەی نێوان کورد و تورکەکان ئەرکی دینی و سیاسییە. بۆیە ئەگەر کوردێک هەبێت و تورکی خۆش نەوێت کورد نیە، گەر تورکێک هەبێت و کوردی خۆش نەوێت تورک نیە(Gökalp, 1922, s. 10).

(میللەت چییە؟)یەکێکی دیکەیە لە نوســینە گرنگەکانی زیا گۆیکەڵپ. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە زیا گۆیکاڵپ لە هیچ نوسینێکی دیکەیدا ئەوەندە باسی شوناسی خۆی و ناسیۆنالیزمی تورکی نەرکردووە(Dündar, 2019, s. 156). لەم بابەتەدا پێناســەی و تایبەتمەندیەکانی میللەت ڕووندەکاتەوە. ســەرەتا دەڵێت بۆ ئەوەی ئێمە لە ماناکەی تێبگەین دەبێت ئەوە بزانین، کەمیللەت پێکهاتەیەکی جوگرافی نییە. لێرەدا نموونەی ئێران و عەرەبســـتان دێنێتەوە.دەڵێت کاتێك ووترا ئێران وعەرەبســـتان، مەبەســت ئەوە نیە جگە لە فارس هیچ میللەتێکی دیکەی تێدا ناژی. بەڵکو تورک و کوردی لێی دەژی. خاڵی دوو ئەوەیەکە میللەت بە مانای ڕەگەز و قەوم نایەت (Gökalp, 1922, s. 1).میللەت بریتی نیە لە ئیمپراتۆرییەتێک کە ژیانیکی سیاسی هاوبەشییان هەبێت. چونکە لە ناو ئیمپڕاتۆردا چەندین میللەت بوونیان هەیە. لەگەڵ ئەمانەشـــدا میللەت بریتی نیە لەوەی کەســـێک لەبەر ویســـت یان بەرژەوەندی خۆی میللەتێک هەڵبژێرێت. ئەگەر کەســێک وا هەســت بکات ئازادە لە هەڵبژاردنی میللەت، ئەوا ئازد نییە. چونکە میللەت بریتییە لە کولتور و پەروەردە(Gökalp, 1922, s. 2). گویکاڵپ لە کتێبی "بنەما کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەربییە"دا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە پێناسەی ئەم چەمکە دەکات و دەڵێت بریتییە "لەو گرووپە کلتورییەی کە تاکەکانی خاوەنی یەک زمان و یەک تەربییەن"(Gökalp, 1992, s. 227). گویکاڵپ بڕوای وایە ئەگەرکەســـێك بیەوێت ببێت بە ئەندامی نەتەوەیەکی وەک تورک، ئەوا بە تەنها هێنانەی دونیای تورکێک بەس نییە. بەڵکو دەبێت کەســـێک بدۆزیتەوە وەک تورک بیر بکاتەوە(Alakom, 2018, s. 99; Gökalp, 1922, s. 3). لەم نوســـینەدا زیا گۆیکاڵپ دەیەوێت ئەوە بە ئێمە بڵێت کە دیاریەکر لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی کوردە، بەڵام لە بنەڕەتدا تورکن. دەڵێت بۆ یەکلایکردنەوەی ئەوەی بزانین ئایا

دیاربەکرییەکان کوردن یان تورك، دەستم بە لێکۆڵینەوە لە سەر کورد و تورک کرد. سەرەتا لە زمانەوە دەستم پێکرد. دەڵێت زمانی ڕەسمی خەڵکی دیاربەکر تورکی بووە لە بنەڕەتدا، بەڵام هەموو کەسێک کەمێک کوردی دەزانێت. دەڵێت لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت تورکییەکەی دیاربەکر لە بەغدادەوە تاوەکو ئەدەنە، باکۆ و تەبریز بریتیە لە زمانی تورکەکانی پێشوو(Gökalp, 1922, s. 4). لە بارەی زمانی کوردییەوە دەڵێت لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی خزمایەتی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، بەڵام لە فارسی ناچێت. چونکە لە زمانی کوردی (کرمانجی)دا نێر و مێ هەیە و زمانی کوردی لە ڕووی ڕستەسازی و ڕێزمانییەوە زۆر جیاوازن لەیەکتر. لەم ڕوانگەوە زمانی کوردی بە بەراورد بە زمانی تورکی زۆر ئاڵۆزترە. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئەو کوردییەی دیاربەکرییەکان قسەی پێدەکەن، جیاوازە لەو زمانەی گوندنشینەکان قسەی پێدەکەن. دەڵێت خەڵکی دیاربەکر بە وەرگرتنی ڕستەسازی کوردی و وشەسازی تورکی زمانێکیان بۆ خۆیان درووست کردووە، کەپێی دەوترێت کوردی تورکی.چونکە نێر و مێی و شیکاری ڕستەیان لە زمانەکەیاندا لابردووە و لەگەڵ ڕێزمانی تورکیدا گونجاندوویانە. ئەو زمانەی تورکەکان کە قسەی پێدەکەن تەنها لەگەڵ کوردەکاندا بەو زمانە قسەدەکەن، بەڵام لەناو خۆیاندا بە زمانی تورکی قسە دەکەن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە دیاربەکرییەکان لە بنەڕەتدا تورکن. بەڵگەیەکی تر بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە خەڵکی ئەسڵی دیاربەکر حەنەفی مەزهەبن، بەڵام کوردەکان شافیعی مەزهەبن(Gökalp, 1922, s. 5).

یەکێکی دیکە لەو نوسینانەی زیا گۆیکاڵپ تێیدا باسی لە کورد کردووە، بریتیە لە بابەتێك بە ناونیشانی"ئیستیللال" واتە توانەوەی نەتەوەیی یان ئەسیمیلاسیۆن.گۆیکاڵپ سەرەتا پێی وایە هەر کاتێک دوو میللەت هەمان دینیان هەبێت و لەپاڵ یەکدا بژین، یەکێکیان ئەوی دیکەیان لە ناو خۆیدا دەتوێنێتەوە، کە ئەمە پێی دەوترێت ئەسیمیلاسیۆن(Gökalp, 1923, s. 1). لە بابەتی ئەسیمیلاسیۆندا گۆیکاڵپ پێوایە هەندێکجار میللەتی سەردەستە ژێردەستە ئەسیمیلە دەکات و هەندێکجار ژێردەستە سەردەستە ئەسیمیلە دەکات(Gökalp, 1923, s. 2). گۆیکاڵپ دەڵێت گەورەترین گۆڕەپانی ڕوودانی ئەسیمیلاسیۆن لە باشووری ئەنادۆڵودایە. کە مەبەست لێی ناوچە کوردییەکانە (Gökalp, 1923, s. 3). گۆیکاڵپ دەڵێت لە باشووری ئەنادۆڵودا کورد, عەرەب و تورک پێکەوە دەژین. لە پەیوەندی نێوان تورک و عەرەب دوو وێنە بەرچاو دەکەوێت. وێنەی یەکەم بریتییە لەوەی ئەو تورکانەی لە ناو شارە عەربییەکاندا دەژین بوون بە عەرەب. وێنەی دووەم بریتییە لەوەی کە تورکومانەکانی

ناو گوندنشـــین(بیابانشـــین)ە عەرەبەکان نابن بە عەرەب. چونکە لە ناو عەشـــیرەتە عەرەبەکاندا هیچ کەسـێکی بێگانە وەرناگیرێت، ئەگەرلە خوێنی ئەوان نەبێت.لێرەدا گوێکالپ نموونەی تورکومانەکانی ناو عەشـــیرەتە بەدەوییەکانیکەنێوان موســـڵ و شــەنگالمان بۆ باسـدەکات کە تاوەکو ئێسـتا دابونەریت و زمانی خۆیان پاراسـتووە و نەبوون بە عەرەب. گوێکالپ دەڵێت ئەم دۆخە لە پەیوەندی و تێکەڵاوی نێوان کورد و تورکدا دەرئەنجامێکی زۆر جیاواز دەردەکەوێت. دەڵێت زۆرینەی تورکومانەکانی ناو عەشـــیرەتە کوردییەکان بوون بە کورد و بە کوردی قســـە دەکەن. لێرەدا نموونەی تورکومانەکانی ناحییەی دۆغەری نێوان ئورفە و ســـیڤەرەک بە کوردی قســـە دەکان. لەگەڵ ئەوەشـــدا ناوی زۆرێک لە گوندەکان باس دەکات و دەڵێت ئەم ناوانە زۆرینەیان تورکین. ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەمانە لە بنەڕەتدا تورک بوون، بەڵام دواتر ئەســـیمیلەی کورد بوون. هەروەها زۆرینەی ســـەرۆک عەشـــیرەتە کوردییەکان لە بنەڕتدا کورد نین و تورکن. ئەمە لەکاتێکدا هیچ ســـەرۆک عەشـــیرەتێکی عەرەب نابینرێت کە عەرەب نەبێت(Gökalp, 1923, s. 3-5). گوێکالپ سەبارەت بە تورک بوونی کوردەکان دەڵێت ئەو کوردانەی هـاتوونەتە شـــارەکـان بوون بە تورک. کەواتە ئەو کوردانەی ڕوو لە شـــارەکان دەکەن، دەبن بە تورک. بەپێچەوانەوە ئەو تورکانەی لەناو گوند و چادری کوردەکان، دەبن بە کورد. گوێکالپ هۆکاری ئەمەمان بۆخۆشـــەویســـتی و نزیکی کولتووری نێوان کوردەکـان و تورکەکـان دەگەڕێنێتەوە(Gökalp, 1923, s. 5). گوێکالپ بڕوای وابووە بۆ ئەوەی ئەسـیمیلەی نەتەوەیەك بکەیت سـەرەتا دەبێت زمانیان بسڕەوە، دواتر بە زۆر زمانی خۆتیان بەسەردا بسەپێنیت(Alakom, 2018, s. 99).

یەکێکی دیکە لەو نوسینە گرنگانەی گوێکالپ بڵاوی کردۆتەوە بریتییە لە بابەتێك لە ژێر ناونیشـــانی"بەرژەوەندی کوردەکان".گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایەکە هەم بابەتێکی کۆمەڵایەتیە هەم بابەتێکی سیاسییە. لەو سەردەمەدا قسە و باسێکی زۆر لەســـەر لێکردنەوەی ویلایەتی موســڵ و لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە دەکرا، ئینگلیزەکان زۆر قســـەیان لەســـەربابەتی موســـڵ کردووە و لکاندنی بە عێراقەوە لەبەرژەوەندی کوردەکانیان دەبینی. بەڵام گوێکالپ لەســـەر ئەم بابەتە بۆچوونێکی دیکەی هەبووە و پێی وا بووە کورد و تورک هیچ جیاوازیەکیان نیە.بۆیە پێویســـتە کارێک بکرێت بە ســـوودی هەردوولا کۆتایی پێ بێت (Baltacıoğlu, 1966, s. 124; Gökalp, 1924, s. 4). گوێکالپ دەڵێت لەم بابەتدا پرسـیارێک دێتە پێشـمان کە ئایا ســـوودی کوردەکان لەوەدایە لەگەڵ عەرەبەکاندا بژین یان لەگەڵ تورکەکان؟. لە وەڵامی ئەم پرســـیارە دا دەڵێت لە کۆنەوە پرســـیارێک لە زیهنی مندایە، کە هۆکاری

ئەوەی چییە کوردەکان لەگەڵ ئەوەی قەومێکی خاوەن شەهامەتن، بەڵام تاوەکو ئێستا لە ژیانی عەشـــایەریڕزگاریان نەبووە ؟(Gökalp, 1924, s. 4). لە وەڵامی ئەم پرســـیارەدا گۆیکەڵپ پێی وایە لەڕووی شـــوێنی نیشـــتەجێبوونەوە کوردەکان لە دوو شـــوێندا نیشـــتەجێن، ناوجەرگەی بیابان و دوور لە بیابان. ناو جەرگەی بیبانیش واتە عەرەبە بەدەوییەکان. گۆیکاڵپ پێی وایە ئەوانەی دوورلە بیابانەکان دەژین هەم لە دۆخی کۆچەری هەم لە ڕێکخســـتنی عەشـــایەری ڕزگاریان بووە. بەڵام ئەوانەی لەناوجەرگەی بیابان و لەگەڵ عەرەبەکاندا دەژین، تاوەکوو ئێســـتا نەیانتوانییوە لە ژیانی عەشـــایەری ڕزگارییان بێت(Gökalp, 1924, s. 3). هەر بۆیە گۆیکاڵپ پێی وایە ئەگەر کوردەکان تێکەڵی عەرەب نەبوونایە، هەر لە زووەوە وازیان لەم جۆرە ژیانە هێنا بوو. بەڵام ئەو عەشـــیرەتە کوردییانەی لەگەڵ تورکەکاندا دراوســـێن، تەنها لە ژیانی عەشـــیارەیی نا، بەڵکوو لە ســـیســـتمی دەرەبەگایەتیش ڕزگاریان بووە(Gökalp, 1924, s. 4). کەواتە گۆیکاڵپ بە دراوســـێی عەرەب زیانی بۆ کورد هەیە نەک قازانج. هەر بۆیە کوردانەی بوون بە دراوسێی تورک و هاتنە ناو شارەکان، ڕزگاریان بوون لە کۆچەری و لەو شێوە ژیانە. لە ڕاستیشدا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کورد و ژیانی کۆچەریدا نیە (Gökalp, 1924, s. 4).

گۆیکاڵپ لە بابەتێک بە ناوی"مەدەنیەتی شـــارومەدەنییەتی گوند"دا دەڵێت کاتێک ســـەیری ویلایەتەکانی باشـــووری وڵاتمان دەکەیت، تورکەکان لەشـــارەکان وکوردەکان(عەشـــیرەتەکان) لە گوندەکاندا نیشـــتەجێن. ئەم دوومەدەنییەتە لەڕووی ڕێکخســـتن وبونیادی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لەیەکترجیاوازن. ئەم جیاوازییەش بەتایبەت لەناوچەکانی (دیاربەکر، سیڤەرەک، چەرمیک، گونگوش، مادەن، پالۆ، موش، بدلیس، هارپووت، مالاتیا، کەماه، حســـن منصـــور(ئادیامان)، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، وان، ئاهلات، عادیلجەڤاز، کەرکووک، داقوق، ئەربیل، ....) دەردەکەوێت. گۆیکاڵپ دەڵێت چونکە لەم شـــارانەدا بە زمانی بەتورکی قســـەدەکرێت. تەنانەت شـــارەکانی بەدرە، خانەقین، بەعقووبە، مەندەلی، شارەبان و دووناوچەی گەورەی بەغداد بەتورکی قسەدەکەن. لەگەڵ ئەوەشـــداگوندەکانی ویلایەتەکانی باشـــوورنیوەی لەتورک ونیوەی لەکورد پێکهاتووە. کە سیستەمی دەرەبەگایەتی لەزۆرینەی گوندەکانداهەیە(Gökalp, 1923, s. 4).

گۆیکاڵپ دەڵێت بەشـێوەیەکی گشـتی سـیسـتەمی دەرەبەگایەتی دەکرێت بەدوو بەشەوە. دەرەبەگایەتی سیاسی وئابووری. دەڵێت ئەوسیستەمە دەرەبەگایەتییەی کە لە ئەورووپاهەبووە، بریتییە بووە لەدەرەبەگایەتی ســیاســی. چونکە ڕێکخســتنی دەوڵەت، ڕێکخستنێکی دەرەبەگایەتی بووە. هەربۆیە بەپێی یاسا،گوندنشینەکان پەیوەستن بە

زەوییەکانی گوندەوە(Gökalp, 1923, s. 4). لەم سیستەمەدا کێ خاوەنی گوندەکە بێت، خەڵک و زەوییەکانیش موڵکی ئەون. گوندنشینان ناتوانن لەم گوندەوە بچن بۆگوندێکی دیکە. بەڵام لە دەرەبەگایەتی ئابوورییدا یاساکان لەبەرژەوەندی بەگ نەبووە، بەڵکووخەڵک وبەگیش لەبەرامبەریاساوە یەکسانن. لەم سیستەمەدا خاوەن زەویش، وەکوو جووتیارمامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئەم سیستەمە لە دەرەوە زۆرجیاوازە وهەمان سیستەمی دەرەبەگایەتی سیاسییە. دۆخی عەشیرەتە کوردییەکانیش بەهەمان شێوەیە. دەڵێت لەناوعەشیرەتەکاندا سەرۆکی عەشیرەت لەگەڵ ئەرکی لێپرسینەوە دادگایی کردن، باج وسەرانەش لەهەموو شتێک وەردەگرێت (Gökalp, 1923, s. 5). گوێکاڵپ دەڵێت لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی تورکەکان زیاتر ژیانی شاریان هەڵبژاردووە. چونکە تورکەکان لە کۆنەوە عاشقی یەکسانی وئازادیین. هەربۆیە ویلایەتەکانی باشوور، تەنها لە شاردا دەتوانن ئازادی ویەکسانی بدۆزنەوە. چونکە لە شارەکاندا، نە سەرۆک عەشیرەت نە بەگ هەیە، بەڵکوو یاسا هەیە. هەموو کەسێک لە ماڵی خۆیدا خاوەنی خۆیەتی. لە کۆتایدا گوێکاڵپ دەڵێت دەگەین بەوئەنجامەی مەدەنییەتی شارومەدەنییەتی گوند یان عەشیرەت لە یەکتر زۆرجیاوازن (Gökalp, 1923, s. 5).

**٢.٤ تێڕوانینی زیا گوێکاڵپ بۆعەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان**

یەکێك لە بەرهەمە دیار و گرنگەکانی زیا گوێکاڵپ،کە تێیدا کاری لەسەر مەسەلەی کورد کردووە، بریتییە لە کتێبێك بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان". لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوە داوایەک بوو وەزارەتی پەروەردە لە گوێکەڵپی کردوویەتی. دواتر لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی و بە تایبەت وەزیری تەندروستی ئەو کاتە د. ڕەزا نور[١]ئەنجام دراوە (Özgürel, 2006, s. 269; Coşkun, 2019, s. 10). هۆکاری ئەم توێژینەوەشلە ترسی لە دەست دانی ناوچە کوردییەکان بووە(Coşkun, 2019, s. 10). د.ڕەزا نوورخۆی دەڵێت "من خۆم لە زووە دەزانم کوردەکانیش تورکن، بەڵام پێویستە بۆیان باس بکرێت و تێ بگەیەنرێن. ئێمە تورکەکانی میسر و جەزائیرمان لە دەست دا و بوون بە عەرەب. لەبەر ئەوەی هێشتا کوردەکان لە بن دەستماندان، نابێت ڕێگە بدەین لە ژێر دەستمان دەربچن". بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر ڕەوشی زانستی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردەکان کۆبکرێتەوە،د. ڕەزا نور داوای ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەی لە گوێکاڵپ کردووە. لەم ڕوانگەوە دەڵێت "ڕۆژێک دێت ئەمانە(کوردەکان) لێمان ڕاست دەبنەوە. بۆیە پێویستە ئێمە ئەسیمیلەیان بکەین(بیانکەین بە تورک). بۆ ئەم مەبەستەش پارەم ناردووە بۆ گوێکاڵپ و داوام

لێکردووە ڕاپۆرتێک ئامادە بکات سەبارەت بە جوگرافیا، زمان، عەشیرەت و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردەکان" (Nur, 1992, s. 235). سەرەتا ڕاپۆرتەکەبڵاونەکرایەوە و تەنها چوار نوسخەی لەبەر گیراوە.گوێکاڵپ نوسخەیەکی لای خۆی دانا، نوسخەیەکی نارد بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک، نوسخەیەکی نارد بۆ د. ڕەزا نوور و کۆتا نوسخەیەکیشی نارد بۆ نووسەر سەید بەها، کە کاری لەسەر بێکتاشی و عەلەوییەکان کردووە(Özgürel, 2006, s. 269; Şentürk, 2011, s. 133) . بەڵام بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٥لە لایەن ناوەندێکی کوردییەوە بەناوی کۆمەڵ، لە چوراچێوەی کتێبکدا بڵاوکرایەوە. هۆکاری بڵاونەکردنەوەی وەك کتێبێك لەو کاتەدایەك لەترسی نارەزای کوردەکان، دوو لەبەر خەرجنەکردنی پارەی چاپکردنی (Alakom, 2018, s. 56-59; Şentürk, 2011, s. 132).

لە کتێبەکەدا سەرەتا لە پێشەکیەکەیدا باس لە ڕێبازی توێژینەوەی کۆمەڵناسی و جیاوازی زانستی ئەتنۆگرافیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا دەکات. دەڵێت زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا لە ڕەگەزی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە. بەڵام زانستی ئەتنۆگرافیا باس لەوە دەکات کە لەم میللەتەدا چەند نەتەوە هەیە. هەربۆیە پێویستە ئێمە سود لە زانستی ئەتنۆگرافیا وەربگرین. چونکە ئەم زانستە هەوڵدەدات ڕێکخستنە دینی، سیاسی و ڕەگەزییەکانی ناو عەشیرەت لە یەکتر جیبا بکاتەوە. بە تایبەت دەیەوێت گرووپە سیاسیی و نەتەوەییەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە. سەبارەت بە پەیوەندی نێوان زانستی ئەنتۆگرافیا و کۆمەڵناسی، دەڵێت وەکوو چۆن ئەوانەی لە زانستی کۆمەڵناسی ئاگادار نین، نابن بە مێژوونووس و زانایی سیاسی، بەهەمان شێوە نابێت بە ئەتنۆگارفیش.لەگەڵ ئەوەشدا گوێکاڵپ پێی وایە کۆمەڵناسی بۆ کۆمەڵگە و ئەتنۆگرافیا بۆ کۆمەڵگەی سەرەتاییەکان، یان ئەوانەی لایەنی سەرەتاییان هەیە گرنگە(Gökalp, 2013, s. 7-12). دواتر باس گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دابەشکاریان دەکات. سەرەتا دەڵێت ئێمە بەشێوەیەکی گشتی دوو گۆڕەپانمان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، گۆڕەپانی جەمعیەت(گرووپ) و جامیعە(کۆمەڵگە)مان هەیە. کە جامیعە لە جەمعیەت گەورەترە و جەمعیەت لەخۆی دەگرێت. دەڵێت ئەوەی کە گرنگ بێت بۆ ئێمە لەم توێژینەوەدا کارکردنە لەسەر جەمعیەت. دواتر باس لە شێوەکانی جەمعیەت دەکات و دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرەمان هەیە، عەشیرەت و میللەت. میللەتیش لە دوو گرووپی سانەویی درووست دەبێت. ئەوانیش، یەک بریتییە لە یەکە ئیدارییەکان، وەکوو پارێزگار، لیوا، قەزا، ناحیە، گوند، ... . دووگرووپە پسیۆڕییەکان. سەبارەت بە جیاوازی نێوان میللەت و جامیعە، دەڵێت جامیعە گەورترە لە میللەت. بۆ نموونە هەموو

توورکەکانی جیهان جامیعەن، بەڵام تورکەکانی تورکیا تەنها میلەتێکن (Gökalp, 2013, s. 13-14). دواتر پۆلێنی عەشایرەتەکان دەکات. دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆر عەشیرەتمان هەیە:

- عەشیرەتە سەماوییەکان، واتە عەشیرەتە سەرەتایی و تەوتەمییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەتە دایکساڵاریشی پێدەڵێن. کە عەشیرەتەکانی ئەمەریکای باکوور لەم جۆرە عەشیرەتەن.
- عەشیرەتە عەمارەوییەکان(تیرەییەکان). لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەتە باوکساڵاریشی پێدەڵێن. کە عەشیرەتەکانی ئەمەریکا لەم جۆرە عەشیرەتەن.
- عەشیرەتە قەبیلەییەکان. گوێکاڵپ عەشیرەتە کوردیی و عەربییەکان لەم پۆلێنەدا جێدەکاتەوە.
- عەشیرتە ویلایەتییەکان. دەڵێت ویلایەتەکانی تورک لەم پۆلێنەدان. کە بە مانای عەشیرەت نا، بەڵکو بە تایبەتمەندی میللەت. دەلێت ئەگەر بە تورکومانەکان بوترێت عەشیرەت، لە ڕاستیدا زۆر لە بونیادی عەشیرەت دوورن. چونکە لە پەیوەندی خوێنی نەماوە لە ناویاندا و نموونەی حکومەتێکی بچووکن (Gökalp, 2013, s. 15).

گوێکاڵپ دوای ئەم پێشەکییە ئیتر دێتە سەر باسی عەشیرەتە کوردییەکان. پۆلێنی کوردەکان دەکات و دەڵێت بە شێوەیەکی گشتی لە (کرمانج، زازا، سۆران، گۆران، لوڕ)ەکان پێکهاتوون. دواتر باس لە پەیوەندی نێوان ئەم لەهجانە دەکات. دەڵێت زمانی گۆران(هەورامی) و زازا لە یەکتر زۆر نزیکن(Gökalp, 2013, s. 17). بەڵام نازانم لەیەکتر تێدەگەن یان نا نازانم. گوێکاڵپ زمانیکوردەکان بەسەر(کرمانجی، زازای، سۆرانی و لوڕی) دابەش دەکات.بەڵام دەڵێت ئەمانە لەیەکتر تێناگەن و لە ڕووی ڕێزمانەوە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. هەموویان لە زمانی کۆنی کوردییەوە دروست بوون.لەگەڵ ئەوەشدا گەێکاڵپ دەڵێت لەناو ئەم لەهجانەدا هەندێک بەرهەمی ئەدەبی وەکوو شیعرەکانی مەولانا خالید هەیە. کە گوێکاڵپ مەولانا خالید سەر بە لەهجەی گۆرانی هەژمار دەکات. هەر ئەو نا، بەڵکو مەلا گۆرانی، کە مامۆستا محمد فاتیح بووە، لە گۆرانییەکان هەژمار دەکات. گوێکاڵپ لە لەهجەی لوڕیدا بابا تاهیری عورەبانی و لە لەهجەی سۆرانیدا نموونەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیو لە لەهجەی کرمانجیدا نموونەی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی دێنێتەوە. دواتر باس لە یەک بە یەکی

لەهجەکانی زمانی کورد و پەیوەستی دەکات بە ژیانی کۆمەڵایەییەوە (Gökalp, 2013, s. 17-18).

زیا گویکالپ بەشێوەیەکی گشتیپێناسەی عەشیرەت بەکۆی نەوەیی ئەو باپیرەی کە هاوکاری یەکتر دەکەن پێناسە دەکات(Gökalp, 1909, s. 1). لەم پێناسەدا گویکالپ عەشیرەت بە کۆمەڵێک کەس پیناسە دەکات، کە هەموویان یەک بنەچەیان هەیە و بەو بنەچەوە یان باپیرەوە پەیوەستن و هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە. گویکالپ دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی شێوەی ژیانی عەشیرەتەکانی کورد، لە شێوەی ژیانی قەبیلەدایە. کە قەبیلەش لە چەند تیرەیەک پێکدێت. کە هەموو تیرەکان سەرۆکیان هەیە، بەڵام هەموویان لەلایەن سەرۆکی قەبیلەکەوە بەرێوە دەبرێن. لێرەدا گویکالپ نموونە بە قەبیلەی میلی دێنێتەوە لە ڤیرانشەهیر. ئەم قەبیلەیە لە چەند تیرەیەکی وەکوو هزرگان، سیگان، گوران و چەمگان پێکهاتووە. کە هەر یەکە لەم تیرانە سەرۆکی خۆیان هەیە. لەناو کوردەکاندا بە سەرۆکی قەبیلەکە دەڵێن ئاغا و عەرەبەکان پێی دەڵێن شێخ. دواتر نموونە بە قەبیلەی کاراکێچی و ڕۆژکی دێنێتەوە(Gökalp, 2013, s. 21). سەبارەت بە دابونەریتی یاسا لە عەشیرەتەکاندا دەڵێت لە ناو عەشیرەتە عەرەبەکاندا ئەو کەسەی یاساکان جێبەجێ دەکات پیی دەڵێت عاریف. بەڵام لەناو کوردەکاندا چینێکی لەم جۆرە بوونی نییە. بەڵکوو لە هەندێک ناوچە ناوی قازیان لە مەلاکان ناوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارە یاسایەکان و حوکمەکان لەلایەن سەرۆکی عەشیرەتەکەوە جێبەجی دەکرێت. هەر تەنها ئەوەندە نا، بەڵکوو سەرۆکی عەشیرەت لە هەموو شتێکی فرۆشراو و بەرهەمێک بەشێک وەردەگرێت(Gökalp, 2013, s. 22). لەگەڵ ئەوەشدا گویکالپ باس لە بابەتێکی دیکە دەکات لە ناو عەشیرەتە کوردییەکاندا، ئەویش بریتییە لە بەرپرسیارێتی هاوبەش. دەڵێتگەر تاوانێک لە ناو عەشیرەتەکەدا بکرێت، یان کەسێکیان لێ بکوژریت، هەموویان بەژدارن لەو تاوانە بان تۆڵەسەندنەوە. چونکە لە ناو عەشیرەتەکاندا شتێک نیە بە ناوی مافی تاک، بەڵکوو مافی هاوبەش هەیە.(Gökalp, 2013, s. 23)دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر کورد یان عەشیرەتی کوردی هەیە. ڕەش و سپی. کوردی سپی بریتین لەو کوردانەی پەیوەستن بە جکومەتەوە. بەڵام کوردی ڕەش، ئەوانەن لە چیاکاندا دەچین و پەیوەست نین بە حکومەتەوە(Gökalp, 2013, s. 24). یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە گویکالپ باسی لێوە دەکات، بریتییە لە مەفکورە (ئایدیا-خەیاڵ-ئامانج). دەڵێت بەگشتی ئەو کوردانەی لە سەربازی هەڵدێن بە بێ مەفکورە ناویان دەبەن. لە کاتێکدا لە ناو کوردەکاندا مەفکووره زۆر بەهێزە. بەڵام لەبەرئەوەی

ئەمە مەفکوریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی نییە، حەزیان لە سەربازی نییە. بەڵکوو لای ئەوان مەفکورەی عەشیرەت زۆر بەهێزە. تەنانەت خۆیان، ماڵیان، خێزانیان لە پێناو ئەم مەفکورەی عەشیرەتەدا فیدا دەکەن(Gökalp, 2013, s. 26).

گوێکالپ بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر دابەشکاری بۆ عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان دەکات. گوێکالپ لە بابەتی (مەدەنییەتی شار و مەدەنییەتی گوند)دا عەشیرەتە کوردییەکانی ویلایەتی دیاربەکر بۆ(عەشیرەتە کۆچەرییەکان، نیمچەکۆچەرییەکان، نیشتەجێیەکان) دابەش دەکات (Gökalp, 1923, s. 5). بەڵام لە کتێبی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان"عەشیرەتە کوردییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات:

- عەشیرەتە سەرەتاییەکان (کوچەرییەکان، نیمچە کۆچەرییەکان، نیشتەجێیەکان، گوندە ئاغاییەکان)
- پێشکەوتووەکان یان مۆدێرنەکان(گوندە خەڵکییەکان)(Gökalp, 2013, s. 27).

گوێکالپ دەڵێت عەشیرەتە کۆچەرییەکان سەرەتایترین جۆری عەشیرەتن. تەنها خەریکی ڕاو و تاڵانکردنی لاوازەکانن وهیچ شتێک لە کشتوکاڵ نازانن. هەر کاتێک خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون دەبن بە نیمچە کۆچەر. ئەوانەی نیمچە کۆچەرین هەم خەریکی کاری کشتوکاڵین هەم ئاژەڵداری، واتە کۆچەرین. ئەمانە هەندێکیان پێکەوە لە گوندەکان دەژین و هەندێکی دیکەیان بە شێوەی جیا لە چادرو ڕەشماڵدا دەژین. بەڵام ئەوەی ڕێژدارترە، کۆچەرییەکان. دەڵێت ئەمانە گەر دۆخەکە گونجاو بێت بۆیان، نیشتەجێ دەبن(Gökalp, 2013, s. 28). ئەوانەشی نیشتەجێن ڕاستەوخۆ نابن بە گوندی خەڵکییەکان. هەر بۆیە هەرکاتێک ڕێکخستنی عەشیرەتەکە تێکبچێت، هەرکەسە و بۆخۆی دەژی(Gökalp, 2013, s. 29).دەڵێت زۆرینەی سەرەتاییەکان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن. کۆچەری و نیمچە کۆچەرییەکان بۆ خۆپاراستن لە هێرشە دەرەکییەکان پێویستە چەکدار بن. کەواتە ناچارن کۆچەر بن. (Alakom, 2018, s. 105; Gökalp, 2013, s. 49-50).

زیا گوێکالپ، باس لەهۆکاری ئەوەدەکات کە بۆچی عەشیرەتە کوردییەکان ئەم دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی سەرەتاییەیان هەیە. ئەمەشی بۆ دوو هۆکاری جۆگرافی و گونجاوی یاساکان گەڕاندۆتەوە(Gökalp, 2013, s. 27). گوێکالپ لە هۆکاری جوگرافیدا باس لە دوو جۆر ژیانی کۆمەڵایەتی عەشایری دەکاتلە ناو کوردەکاندا.

کە ئەوانیش بریتین لە ژیان لە ناو بیابانەکان و شـــاخەکان(Gökalp, 2013, s. 30). ژیانی ناو بیابانیش دەکات بە دوو بەشـــەوە، ناوجەرگەی بیابان و دوور لە بیابانەکان. ناوجەرگەی بیابانبریتین لەوانەی کە نزیکن لە عەشـــیرەتە عەرەبەکانەوە. ئەم عەشیرەتانە زۆر بەهێزن. ئەو عەشیرەتانەی دەورەبەریان بە دوژمن دەزانن. گویێکالپ دەڵێت چەندین عەشـــیرەتی کوردی وەکوو بەرزان، کاراکێچی، میللی، حەلەمجان، دەکوری و میلانلە نزیک ئەم ئەم عەشیرەتە عەرەبانەدان. ئەم عەشیرەتانە ئەمانە ژیانێکی کۆچەری یان نیمچە کۆچەرییان هەیە و بەردەوام هێزەکانیان لە ئامادەباشـــیدان. چونکە بەردەواملە مەترسی هێرشی عەشیرەتە عەرەبەکاندان. هەر بۆیە پێویستە کۆچەر یان نیمچە کۆچەر و چەکدار بن. گویێکالپ دەڵێت بۆ ئەوەی عەشیرەتە کوردییەکانی ناو جەرگەی بیابانەکان لەم دۆخە رزگار بکرێن، پێویستە بەربەستێك وەکوو سەدی چین لە نێوان ئەم عەشیرەتانە و عەشیرەتە عەرەبەکاندا دابنرێت. بەڵام سەدی مادی نا، بەڵکوو ســـەدێکی مەعنەویی بێت. ئەمەش بۆ تێکەڵ نەبوونیانە بە عەرەبەکان و نیشـــتەجێکردنیان. بەڵام گویێکالپ دەڵێت ئەمە پێویســـتی بە کات هەیە (Gökalp, 2013, s. 29). هۆکاری دووەم لە هۆکارە جوگرافییەکانی بەردەوامی ژیانی عەشـایەری و سەرەتایی کوردەکان، بریتییە لە چیاسەختەکان.گویکالپ دەڵێت ئەو عەشیرەتانەی لە شـاخە ســـەختەکاندا دەژین لەگەڵ ئەوەی خەریکی کشـــتوکاڵ نابن، حکومەت سودمەند نابێت لێیان. هەر بۆیە ئەم عەشیرەتانە بەردەوامن لە چەکداربوون و هێرشکردنە ســـەر گوندە دەوڵەمەندەکانی دۆڵ و دەشـــتەکان. ئەم دۆخەش وا لە خەڵی دۆڵ و دەشـــتەکان دەکات خۆیان وەکوو عەشـــیرەتێک چەکدار بکەن. بۆ ئەوەی ئەم دۆخە کۆتای پێ بهێنرێت، پێویســـتە ئەو عەشـیرەتانەی لە شـاخەکاندان بهێنرێنە خوارەوە بۆ دۆڵ و دەشـتەکان و زەویان پێبدرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا یاسـای قەدەغەبوونی ژیانکردن لە شـاخە ســەختەکان دابنرێت.ئەمەش وا دەکات زۆرێک لە عەشـــیرەتەکان واز لە ژیانی عەشـــایەری بهێنن. (Gökalp, 2013, s. 30). کە لە بیابانەکاندا دەڵێت ئەم دۆخە واتە نەهامەتی کوردەکان، چونکە لە ژیانی دیموکراســـی دووریان دەخاتەوە.ئەوانەی لە دەرەوەی بیابان دەژین نزیکن لە تورکەکانەوە. ئەم دۆخیان جیاوازترە، چونکە دوورن لە ژیانی کۆچەری، دەرەبەگایەتی و بونیادی عەشـایری. (Gökalp, 2013, s. 52; Alakom, 2018, s. 105; Özgürel, 2006, s. 288). گویێکالپ براوی وایە نزیکایەتی نێوان عەشـــیرەتە کوردییەکان لە عەرەبییەکانەوە بە قازانجی کوردەکان نیە. هەر ئەم هۆکارەشـــە وای کردووە تاوەکو ئێســـتا کوردەکان شـــێوەی ژیانیان دواکەوتوویبێت. گویێکالپ دەڵێت تەنها یەک رێگە هەیە بۆ ئەوەی کۆچەرییەکان جێگر

ببن(Özgürel, 2006, s. 290). یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە گوێکاڵپ پێی وایە بووەتە هۆی ئەوەی عەشــیرەتە کوردییەکان تاوەکوو ئێســتا ژیانیان عەشــایەری و سەرەتایی بێت، بریتییە لە هۆکارە یاساییەکان.(Gökalp, 2013, s. 30). کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەی بۆ چەند هۆکارێکی یاسای کردووە، لەوانەش:

شێوەی ئیلتیزام: واتە حکومەت مافی خۆی بفرۆشێت بەرامبەر بڕە پارەیەکبەکەسێک لە خەڵکەکە. کە بێ سەیرکردنی باشی یان خراپی هەموو کەسێک دەکرێت ئەم مافە وەربگرێت و ببێت بە فەرمانبەری باج. گەر کەسێکی خراپ ئەم ئەرکە وەربگرێت، لەوانەیە خراپەکاری بەرامبەر گوندنشینەکان بکات. هەر بۆیە ئەگەر ئەم شێوەی ئیلتیزام لە ناوچەکەدا لاببەین، دەبێتە نیعمەتێکی گەورە بۆ ناوچەکە (Gökalp, 2013, s. 30).

شــێوەی دادگایی: گوێکاڵپدەڵێت لە هزری عەشــایەریدا مافی تایبەت و گشــتی نیە، لەبری ئەوە بەرپرسیارێتی هاوبەش هەیە. واتە هەر کاتێک کەسێک بکوژرێت هەمووان هاوخەم و هاوبەشــن تێیدا. بۆ چارەســەرکردنی ئەم گرفتە پێویســتە یاســایی فیدیە و بەرپرســیارییەتی هاوبەشــقەبوڵ بکرێت. گوێکاڵپ دەڵێت بۆ ئەوەی عەشــیرەتەکان پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت گەرم بێت، پێویســتە هەریەکەو بە پێی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەڵێت ئەگەرئەمە قەبوڵ بکەین، ســەرۆکی عەشــیرەتەکە، وازلەسەرۆکایەتی عەشیرەتەکەیان دێنن(Gökalp, 2013, s. 31).

شــێوەی ســەربازی: گوێکاڵپ ســەرەتا باس لەوە دەکات کە ئەندامانی عەشــیرەتەکان ئایدیای عەشیرەتیان هەیە نەکنیشتیمان.هەر بۆیە ئەمانە ناچن لەشوێنە دورە دەستەکان ســەربازی بکەن. تەنها بەوەدەکرێت کە تیپی ســەربازی درووســتبکرێت. ئەوانە حەزیان لێیەتی کاری بیناســازی وڕێگاوبانیان پێبکرێت. واتە لە ســەربازیدا لە کاروباری ڕێگاوبان و دروســتکردنی خانووە ســەربازییەکاندا بەکاربهێنرێن (Gökalp, 2013, s. 32).

دواترگوێکاڵپ دێت ناوی عەشیرەتە کوردییەکان بەپێی چەند هەرێمێک یان قەزایەک جیادەکاتەوە. بۆنموونە دەڵێت لەهەرێمی ســووروچ عەشــیرەتەکانی (بەرازی، کێکانی، عەلائەدین، بیجــان، دینــایی، شــەدادی ودینــدان، شــەنجــان) هەیە. کەهەریەکە لەعەشیرەتەکانی عەلائەدین، شەنجان وکەشیکان بەهۆی ڕێکەوتنی فەڕەنسا وتورکیا، کەوتنە دەرەوەی ســنووری دەوڵەت، واتەناوچەی ڕەققە(Gökalp, 2013, s. 32). لە هەرێمی حەڕانیش عەشیرەتی بەنی قیس هەیە. ئەم عەشیرەتەش لەتیرەکانی بنی محمد، سەیالە،

مەشــــهورو بنـی یوســــف پێکهــاتووە. کە ژمــارەیــان بە نـزیـکـی٢٥٨٠٠کەس دەخەمڵێنرێت(Gökalp, 2013, s. 33). هەرێمی سیڤەرەک بەگشتی لە عەشیرەتەکانی ملیلی، کاراکەچی، بوجاک وکاراڤار پێکهاتووە. گەورەترین وگرنگترین عەشیرەتیان بریتییە لە عەشیرەتی ملیلی(Gökalp, 2013, s. 34). لە قەزای ماردین ولەبەشی بیابان و دەشـــتەکەی عەشــــیرەتەکانی کیکی، حالەمبان، دەکوری، مللیکابیر، کالەندەران، ئورکان، لیف، تاتر، حارەب، حاراســـبەند، موعامەرە، کێچین، مەرســـینیان ولە بەشـــی شاخەکانی عەشیرەتەکانی حورسی، داشیان، مەشکین، بۆیلان و ڤانتلێکان هەیە. کە گرنگترین عەشـــیرەتیان بریتییە لەعەشـــیرەتەکانی کیکی، حالەمبان، دەکوری ومللیکـابیر(Gökalp, 2013, s. 34). کە ئەم عەشـــیرەتـانە ئـاینییـان ئیســـلامە ومەزهەبیشیان شافعییە. تەنها بەشێکی زۆرکەم لەعەشیرەتی میللیکابیرنەبێت ئاینییان یەزیدییە. گوێکالپ دەڵێت گەورە وسـەرۆکەکانی ئەم عەشیرەتانە بەشـێکی عەرەب، بەشێکی کورد وبەشێکی دیکەی تورکن(Gökalp, 2013, s. 36).

گوێکالپ دوای جیاکردنەوە عەشیرەتەکان دێت بەشێوەیەکی گشتی باس لە دابونەریت و ژیـانی کۆمەڵایەتی عەشـــیرەتەکـان دەکـات. گوێکـالـپ دەڵێـت پەیوەندییەکی ئاسایی لە نێوان سەرۆک عەشیرەت وئەندامانی عەشیرەتەکەداهەیە. کە زۆرینەی سەرۆک عەشیرەتەکان غوڵامیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی عەشیرەتەکان میواندۆستن. ئاغای عەشیرەتەکان،هەمووسالێک باج وەردەگرن. تەنانەت بەش لە ئاژەڵە فرۆشـــراوەکانیش وەردەگرن(Gökalp, 2013, s. 37). گوێکالپ ســـەبارەت بە داب و نەریتی هـاوســـەرگیریی لە ناوعەشـــیرەتە کوردییەکاندا دەڵێت ڕازیبوونی بـاوک لە ڕازیبوونی کچ گرنگترە. کە بـاوک ڕازیبوو، کچ بەرامبەر بڕێـک پـارە پێشـــکەش دەکات. لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕازیبوونی خاڵی کچیش زۆرگرنگە(Gökalp, 2013, s. 38). گوێکـالـپ دەڵێت ئەم پـارەی بـاوکی کچ وەریـدەگرێت بەپێی دەوڵەمەنـدی وهەژاری خێزانی کوڕەکە دەگۆڕێت. (Gökalp, 2013, s. 39). بەڵام ئەگەر بێ ڕازیبوونی باوک کچەکە ڕەدوو بکەوێت یان بە زۆر هەڵبگیرێت، لەم ســـاتە بەدواوە با کوڕەکە لە هەر عەشیرەتێک ببێت، بۆ عەشیرەتی کچەکە دەبن بە دوژمن (Gökalp, 2013, s. 46).

**٥. ئەنجام**

بونیادی عەشـــیرەت، یەکێکێکە لە پێکهاتە ســـەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. تاوەکوو پێش ســـەدەی هەژدە و نۆزدە زۆرینەی عەشـــیرەتە کوردییەکان لە ژێر چەتر و دەســـەڵاتی میرنشـینەکاندا بوون. بەڵام دوای نەهێشـتنی و لەناوبردنی دەســـەڵاتی میرنشـینە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوســـمانییەوە، عەشـیرەتە کوردییەکان زیاتر

دەرکەوتن و ململانێ لە نێوان لەسەر دەسەڵات و پێگە درووست بوو. ئەم دۆخە تاوەکوو درووستبوونی کۆماری نوێی تورکیا درێژەی کێشا. هەربۆیەعەشیرەتگەرایی و دەسەڵاتی عەشیرەت بووبوە مەترسییەک بۆ دەوڵەتی نوێی تورکیا. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و نفوزی عەشیرەتە کوردییەکان گیرایە بەر. چونکە لەم قۆناغەدا لەلایەن کوردەکانەوە و بە تایبەت سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانەوە چەندین جموجوڵ و ڕاپەڕین بۆبەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد وەکو میللەتەکانی دیکەی دەولەتی عوسمانی ئەنجام درا.

کۆمەڵناس زیا گۆیکاڵپ یەکێك لەو کۆمەڵناسە تورکانە لەرێگەی نوسینەکانیەوە ڕۆڵێکی بەرچاووی بینوە لە سەرهەڵدانی بیری ڕێگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمی تورکیدا. زیا گۆیکاڵپ بەهۆیکاریگەر بوونی بە ئەمیل دۆرکاهیم، هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە تیۆرەکەی شیکاری بۆ کۆمەڵگە بکات و هۆکارە کۆمەلایەتییەکانی پشت ناسەقامگیری کۆمەلایەتی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردییەکان بخاتەڕوو. ئەوەیی جێگەی سەرنجە سەرەڕای ئەوەی زیا گۆیکاڵپ خۆی لە خێزانێکی کوردی ناوچەی دیاربەکر لە دایکبووە، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی تورك بەگەڕخستووە، بەڕادەیەك لەم بوارەدا کاری کردووە کە لە ناوەندی ڕۆشنبیری تورکیدا بە باوکی ڕۆحی بیری تورکچێتی بناسرێت. کە ئەمە گومان دەخاتە سەر ئەو لێکۆلینەوانەی زیا گۆیکاڵپ لەسەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان کردوویەتی.

گۆیکاڵپ چەندین نوسینی لە بارەی کورد و عەشیرەتە کوردییەکانەوە هەیە. دیارترن ئەو لێکۆڵینەوانەی زیا گۆیکاڵپ تێیدا بە ڕوون و ڕاشکاوی بیروڕاکانی خۆی لەبارەی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستانەوە خستۆتە ڕوو کتێبی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەرعەشیرەتە کوردییەکان"ە. ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر داوای کاربەدەستانی دەوڵەتی نوێی تورکیا بووە، بە ئامانجی زانینی ڕەوشی کۆمەلایەتی عەشیرەتە کوردییەکان، چۆنێتی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوایەتی لە ناویاندا.گویکاڵپ بەشێوەیەکی مەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر عەشیرەتە کوردییەکانی دەرووبەری شاری دیاربەکر ئەنجام داوە. لەم لێکۆڵینەوەدا بە کورتی دەیەوێت ئەوە بە ئێمە بڵێت کە ئەو جۆرە ژیانە سەرەتاییەی عەشیرەتە کوردەییەکان هەیانە هەم بۆ زیانیکورد هەیە، هەم ڕێگرە لەبەردەم درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی وەکوو تورکیا. گۆیکاڵپ دەڵێت زۆرینەی عەشیرەتە کوردییەکان ژیانێکی سەرەتاییان هەیە. هۆکاری ئەمەشی بۆ نزیکبوون و

تێکەڵبوونیان بە شێوەی ژیانی عەرەبەکان گەڕاندۆتەوە. بۆ ئەوەی چارەسەری ئەم دۆخە بکرێت، پێویستە واز لە جۆرە ژیانە بێنن و بێن لە شارەکان و لە ژێردەستی تورکەکان بژین. ئەگەر دوور کەوتنەوە لە عەرەبەکان، ئەو کاتە هەنگاوێکی گەورەیان بۆ مەدەنییەت ناوە. بەڵام بەردەوام عەشیرەتە کوردییەکان وەکو پارچەیەك لە تورکەکان دەناسێنێت نەك میللەتێك. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك باس لە کوردەکان دەکات بەردەوام باس لە تورکەکانیش دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی باس لە تورکەکان دەکات باس لە کوردەکان ناکات.ئەو پێی وابوو زۆرێك لەو عەشیرەتە کوردییانەی کە هەبوون لە بنەڕەتدا تورك بوون و دواتر ئەسیمیلە بوون. هۆکاری ئەم تێکەڵبوونەی نێوان کورد و تورکی گەڕاندۆتەوە بۆ نزیکی کولتووری ویەك بیروباوەڕی ئاینیی. دەڵێت ئەم تێکەڵاوییە بۆ سوودی هەردوو لایە و ئەرکی سیاسی و دینییە. گوێکاڵپ کورد وەکوو نەتەوەیەك نا، بەڵکو وەکوو پارچەیەک لە تورکەکان دەناسێنێت. چونکە بەپێی دابەشکارییەکەی ئەو، هێشتا کوردەکان لە قۆناغی یەکەم دان، کە ئەویش قۆناغی عەشایرییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئینکاری بوونی کوردی نەکردووە. لە کۆتایدا دەکرێت بڵێین ئەم لێکۆڵینەوانەی زیا گوێکاڵپ لەسەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان کردوویەتی لەبەرئەوەی بە باوکی داڕێژەری بنەماکانی تورکچێتی دادەنرێت و لەسەر داوای دەوڵەت بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەرعەشیرەتە کوردییەکان ئەنجامیداوە، دەکرێت گومانێکی زۆر لە ڕاستی و درووستی زانیارییەکان بکرێت. کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەبێت.

### سەرچاوەکان


Ağca, A. (2012). *Şank Meselesinde Kürtçülük*. Bursa: Uludağ Üniversitesi.

Akgün, Ö. F. (2006). *Namık Kemal*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Alakom, R. (2018). *Ziya Gökalp'in Büyük Çilesi Kürtler*. İstanbul: Avesta Yayınları.

Baltacıoğlu, İ. H. (1966). *Ziya Gökalp*. İstanbul: Yeni Matbaa.

Birinci, A. (2008). *Rıza Nur*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Çamsoy, Z. (2007). *Millî Mücadele Döneminde Kürtler Kürdistan Teâli Cemiyeti (1918-1927)*. Ankara: Ankara üniversitesi.

Can, Z. (1998). *Ziya Gökalp ve Batılılaşma*. Kayseri: Erciyes üniversitesi.

Celkan, H. Y. (1990). *Ziya Gökalp'in Eğitim Sosyolojisi*. İstanbul: M.E.B. Basımevi.

Coşkun, V. (2019). *İki "Ziya" (1): "Başı Kurşunsuz Ziya" ve "Başı Kurşunlu Ziya".* İndependent Türkçe.

Deveci, M. (2021). *Meşrutiyet Döneminde üç Düşünürmüz, ( Baha Tevfik, Ziya* (Cilt Yüksek lisans tezi). Kahramanmaraş: Kahramanmaraş Sütçü.

Dündar, F. (2019, 02 03). Kürt sorunu ekseninde bir Ziya Gökalp biyografisi. *Reserch Gate*.

Dündar, F. (2021, 12 27). Ziya Gökalıp Kürdolojisi Üzerine Notlar. *Tarih ve Toplum Yeni Yakılaşımlar*(18), 151-170.

Eraslan, C. (1997). *Hamidiye Alaylan, İslam Ansiklopedisi* (Cilt 15.cilt). İstanbul.

Gökalp, Z. (1909, 8 30). Firari Zanlılar, Gıyabi Mahkumlar. *Peymen Gezetesi*.

Gökalp, Z. (1909, 7 19). Ziraat ve Zeamet. *Peyman gezetesi*.

Gökalp, Z. (1922, 12 25). Millet nedir? *Küçük Mecmua*(28).

Gökalp, Z. (1922, 6 5). Türklerle Kürtler. *Küçük Mecmua*(1).

Gökalp, Z. (1923, 1 1). İstimlal. *Küçük Mecmua*(29).

Gökalp, Z. (1923, 1 10). Şehir medeniyeti, Köy medeniyeti. *Küçük Mecmua*(30).

Gökalp, Z. (1924, 7 20). Kürtlerin Menfaati. *Cumhuriyet Gezetesi*.

Gökalp, Z. (1968). *Türkçülüğün Esaslan*. İstanbul: Varlık yayınları.

Gökalp, Z. (1976). *Kızılelma*. Ankara: Kültür Bakanlığı.

Gökalp, Z. (1976). *Türk Töresi*. Ankara: Güneş Matbaacılık.

Gökalp, Z. (1976). *Yeni Hayat Doğru Yol*. İstanbul: Kültür .

Gökalp, Z. (1978). *Türk Uygarlığı Tarihi*. İstanbul: İnkılap .

Gökalp, Z. (1992). *Terbiyenin Sosyal ve Kültürel Temelleri*. Aankara: Milli Eğitim Basımevi.

Gökalp, Z. (1996). *Türkleşmek, İslamlaşmak, Muasırlaşmak*. İstambul: Kamer Yayınları.

Gökalp, Z. (2013). *Kürt aşiretleri hakkında sosyolojik tetkikler*. İstanbul: Toker Yayınları.

Gökalp, Z. (tarih yok). *Altın Işık*.

Hanoğlu, M. (1988). *Abdullah Cevdet*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Heyd, U. (1980). *Ziya Gökalp'in hayatı ve eserleri*. (C. Meriç, Çev.) İstanbul: Sebil Yayınevi.

Mart, F. G. (2019). *Ziya Gökalp'in Din Anlayışı* (Cilt Yüksek lisans tezi). Konya: Necmettin.

Minorsky, V., Bois, T., & Mac Kenzie, D. (2004). *Kürtler ve Kürdistan*. İstanbul: Doz Yayınları.

Nur, R. (1992). *Hayat ve Hatıralarım* (Cilt Cilt 3). İstanbul: İşaret Yayınları.

Okay, O. (1996). *Ziya Gökalp (Türkçülük akımının nazariyatçisi, fikir adamı, sosyolog ve eğitimci)*. Istanbul: İslam ansiklopedisi.

Özgürel, A. (2006). *Ayrılıkçı Hareketler*. İstanbul: Akdeniz Yayıncılık.

Şapolyo, E. B. (1943). *Ziya Gökalp, İttihadı Terakki ve Meşrutiyet Tarihi*. İstanbul: : İnkılâp ve Aka Yayınlar.

Şentürk, M. (2011). *Kürt Aşiretlerinin Tetkiki: Siyasal ve Sosyolojik Bir Araştırma*. Ankara.

Tosun, F. (2019). *Ziya Gökalp ve Sosyolojisi*. Manisa: sosyolojide araştırmanın ve .

Uğurlu, H. N. (2018). *Ziya Gökalp Sosyolojisi* (Cilt Yüksek lisans tezi). Konya: Necmettin.

Uluç, A. (2010, 2). Kürtlerde Sosyal ve Siyasal Örgütlenme: Aşiret. *Mukadime, 2*.

Vakkaoğlu, V. (2012). *Tarih aynasında Ziya Gökalp*. İstanbul: Nesil Matbaacılık.

برونەسن, م). ٢٠٠٣. (*ئاغا و شێخ و دەوڵەت*). ک. عەلی (.Çev), سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

داقووقی, ئ. (2013). *کوردی تورکیا*. ه. ع. کاکەیی (.Çev), هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

کەریم, خ. م). ٢٠١٣. (*دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان ١٨٦٩-١٩١٤*. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

## پەراوێز:

---

[1] - سوارەی حەمیدییە: بریتییە لە کۆمەڵێک فەوجی سەربازی، کە لە عەشیرەتە کوردییەکان پێکهاتبوو. سوارەی حەمیدییە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە لە ساڵی ١٨٩١ بە مەبەستی خۆ نزیککردنەوە لە کوردەکان، جێگیرکردنی دەسەڵاتی ناوەندی، ڕێگەگرتن لە پێشڕەوی ئەرمەنییەکان، پاراستنی ناوچەکە لە هێرشی ڕووسەکان و هێنانەکایەی هاوسەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا دامەزراند. چونکە ئیمپراتۆری عوسمانی خاکێکی زۆری لەدەست دابوو. سوارەی حەمیدییە بە تایبەت دوای شکستی شۆڕشی شێخ عەبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٩٠ هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا سوڵتان عەبدولحەمید دەیزانی ئەرمەنییەکان نیشتەجێی ئەو شوێنانە کە زۆرینەی کوردانی موسڵمانی سوننە مەزهەبن و نایانەوێت دەوڵەتێکی مەسیحی - ئەرمەنی دروست ببێت. هەر بۆیە لە کوردە سوننە مەزهەبە عەشایەرەکان سوارەی حەمیدییە درووست دەکات. کە سوارەی حەمیدییە ڕۆڵێکی خراپی لە کوشتاری ئەرمەنییەکان لە ساڵی ١٨٩٤ بینی. (Cezmi Eraslan, Hamidiye Alayları, İslam Ansiklopedisi, 15.cilt, İstanbul, 1997).

[2]- ئەو خانووی لێی لەدایک بووە لە ساڵی ١٩٥٦ کرا بە مۆزەخانە Rohat Alakom,Kürtlerinbüyükçilesi Kürtler,s73

[3]- نامیق کەمال: نووسەر،ڕۆژنامەنووس، شاعیر و سیاسەتمەداری ناسراوی تورککە. ناوی تەواوی محەممەد کەماله. لە ساڵی ١٨٤٠ لە شاری تەکیرداغ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٨٨ لە دوورگەی ساکس کۆچی دوای کردووە. لە نووسینەوەی قانوونی ئەساسی (دەستوور)دا ڕۆڵی هەبووە. یەکەمین کەسیش بوو لە ئەدەبی ڕەخنەیی دا جێ دەستی دیار بێت، ئەمیش بە نووسینی بڵاوکردنەوەی کتێبێک بە ناونیشانیتەحریبی خەرابات Ömer Faruk Akgün, Namık Kemal, İslam Ansiklopedisi, 32.cilt, İstanbul, 2006

[4]- سیاسەتمەدار، شاعیر و بیرمەندی کورد و دەوڵەتی عوسمانی دکتۆر عەبدوڵلا جەودەت، لە ساڵی ١٨٦٩ لە ناوچەی عەرەبگیر لە مالاتیا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٨٨٩ کۆمەڵەی ئیتیحادی عوسمانی دامەزراندن، کە لە دواتردا ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی. لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، کە چەندین بەرهەمی وەرگێڕراوە بۆ سەر زمانی تورکی هەبووە. M. ŞükrüHanoğlu, Abdullah Cevdet, İslam Ansiklopedisi, 1.cilt, İstanbul, 1988

[5]- خەلیل خەیالی: ناوی تەواوی محمد علی ئیزمیرە. لە ساڵی ١٨٦٤ لە بدلیس لەدایکبووە. بە یەکێک لەو کەسایەتییە کوردانە دادەنرێت کە کاری لەسەر ڕێزمانی کوردی کردووە. جگە لە زمانی کوردی بە هەردوو لەهجەی کرمانجی و زازایییەوە زمانەکای تورکی، عەرەبی، فارسی و فەرەنسیشی زانیوە.خەلیل خەیالی دەڵێت(دەرد و ئاواتی من بینینی سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردە لە ژێر دەستی ئەو میللەتە زاڵمانەی کە وەکو میللەت سەیری ناکەن و حەق و مافەکانیان دەخۆن). یەکێک لە کتێبە

گرنگەکانی بە ناوی (ئەلفوبێی کرمانجی)ییە. لە ســـاڵی ١٩٤٦ لە ئەنقەرە وەفاتی کردووە. Celal Temel, HâlilHayalikimdir, Hayatıvehakkındabilinmeyenler, Bernamegehsitesi

[٦]- د. ڕەزا نوور: دکتۆری سەربازی، سیاسەتمەدار و نووسەر ڕەزا نوور لە ساڵی ١٨٧٩ لە سینۆپ لەدایکبووە. لە چەندین ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و وڵاتان وەک نوێنەری تورکیا بەشـــدار بووە. لە ســـاڵی ١٩٢٣ لەگەڵعیســـمەت ئینینۆ و حەســـەن ســـاکا لە ڕێککەوتننامەیەکی گرنگی وەک لۆزان بەشـــدار بووە. چەندین بەرهەمی هەیە لە بوارەکانی ســیاســەت، زانســت، کولتوور و مێژووی تورک. لە ساڵی ١٩٤٣ لە ئیســـتەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕســـتانی مەرکەز ئەفەندی بە خاک ســپێرراوە. Ali Birinci, Rıza Nur, İslam Ansiklopedisi, 35.cilt, İstanbul, 2008

# القبائل الكردية في شمال كردستان من وجهة نظرضياء كوكالب

**الملخص:**

القبيلة هي البنية الأ سا سية للمجتمع الكردي، لذلك تحدث العديد من الباحثين المحليين والأ جا نب ا لذين قاموا بدرا سةبنية المجتمع الكردي عن أبعاد مختلفة، ضياء كوكا لب هو أ حد الباحثين الأ جا نب ا لذي درس بنية القبا ئل وعقلية القبلية في المجتمع الكردي،وذلك بدافع أغراض سيا سية، كتب كوكالب العديد من المقالات والأبحاث حول قبائل الأكراد وبنيتهم الإجتماعي، ويظهرفي بحوث بو ضوح أنه لم يقدم الأكراد كقومية مـ ستقلة، بل أ شار إليهم كقبيلة من قبائل الأتراك، ومن أهم أبحاث ضياء كوكالب هي الدرا سة الاجتماعية للقبائل الكردية، أجرى كوكالب هذا البحث بناءً على طلب الـ سلطات التركية آنذاك من أجل جمع معلومات ميدانية عن القبائل الكردية في شمال كرد ستان، وقد سعى كوكالب على وجه التحديد للإجابة على سؤال رئيـ سي واحد: لماذا تعيش القبائل الكردية ولازال حياة بدائية ولم تتطوروا؟. يقـ سم كوكالب عمومًا القبائل الكردية إلى قبائل أولية وقبائل متقدمة، ويعتقد أن عدداً قليلاً جداً من القبائل تمكنت من التخلي عن حياتها القبلـ ية الـبدائـ ية، وأرجع ذ لك إلى عاملين جغرافيين: الأول: قربهم من القـ بـا ئل العربـ ية، والثاني: عيـ شهم داخل المناطق الجبلية. ويرى كوكالب أنه لكي تبتعد القبائل الكردية عن الحياة البدائية وتطور نفـسها لابد أن تبتعد عن القابل العربية من الناحية الثقافية وينزل من الجبال إلى السهول.

**الكلمات الدالة:** *ضياء كوكالب، كرد، القبيلة، البنية القبيلة.*

**Kurdish Tribes of North Kurdistan from the perspective of Ziya Gökalp**


## Abstract

The tribe is the basic structure of Kurdish society, so many local and foreign researchers who studied the structure of Kurdish society talked about different dimensions. Ziya Gökalp is one of the foreign researchers who studied the structure of tribes and the tribal mentality in Kurdish society, motivated by political purposes. Gökalp wrote many articles. And research on the Kurdish tribes and their social structure. It is clearly shown in the research that he did not present the Kurds as an independent nationality, but rather referred to them as a tribe of the Turks. One of the most important researches of Ziya Gökalp is the social study of the Kurdish tribes. Gökalp conducted this research at the request of the Turkish authorities at the time in order to collect information. In the field of Kurdish tribes in northern Kurdistan, Gökalp specifically sought to answer one main question: Why do the Kurdish tribes still live a primitive life and have not developed? Gökalp generally divides the Kurdish tribes into primitive tribes and advanced tribes, and believes that a very small number of tribes were able to abandon their primitive tribal life. He attributed this to two geographical factors: the first: their proximity to the Arab tribes, and the second: their living within mountainous regions. Gökalp believes that in order for the Kurdish tribes to move away from primitive life and develop themselves, they must move away from the Arab region culturally and descend from the mountains to the plains.



**Keywords:** *Ziya Gökalp,Kurd, Tribal, Tribal structure, Tribalism*